# ڕۆڵی قەیرانی دارایی لەجیابوونەوەی هاوسەراندا

## توێژینەوەیەکی سۆسیۆلۆجی مەیدانییە لە شاری سلێمانی

کاروان علی شامار[1] نیاز ئەحمەد فەتاح[2]

[1،2]سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی

[1]karwanalishamar@gmail.com
[2]nyaz.fattah@univsaul.edu.iq

**پوختە**

بەهۆی ئەو گۆڕانکاریە خێراو زۆرانەی کە دووچاری ناوچەکە بۆتەوە خێزانی کۆمەڵگای کوردی و پەیوەندی نێوان ژن و مێردەکان پشکی شێریان وەرگرتوە لەو گۆڕانکاریانە. دیاردەی جیابونەوە بە پێی ئامارە فەرمیەکانی دادگاکان لە ڕێژەی سروشتی لایداوە بە بەراورد بە ساڵانی ڕابردووی پێش قەیران، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی ڕۆڵی قەیرانی دارایی لەجیابونەوەی هاوسەراندا؟ هەروەها بۆ خستنەڕووی ڕەهەندەکانی قەیرانی دارایی بۆ سەر ژیانی هاوسەران بە پێی چەن گۆڕاوێك لەوانە (شوێنی نیشتەجێبوون و کەمی داهات و بێکاری ...هتر). بۆ گەشتن بەم ئەنجامانە پشت بەستراوە بە پەیڕەوەکانی میتۆدی ڕووپێوی نموونەیی و هەروەها بەکارهێنانی هەردوو ئامرازی شیکاری زانیاری فەرمی و تۆمارکراوی چاوپێکەوتن. پاشان بە بەکارهێنانی چاوپێکەوتن لەگەڵ 30 کەیسی جیابووەوە کە بەشێوەی دەستنیشانکراو وەرگیراون کە هەمویان هۆکاری جیابونەوەکەیان بەهۆی ڕەهەندە ئابوریەکانەوە بووە. لە دەرئەنجامدا بۆمان دەرکەوتووە قەیرانی دارایی کاریگەرییەکی گەورە و بەرچاوی هەبووە لە جیابونەوەی هاوسەراندا. لە کۆتایی توێژینەوەکەدا چەن پێشنیار و ڕاسپاردەیەك خراوەتەڕوو.

**کلیلی ووشەکان:** ڕۆڵ، قەیران، هاوسەرگیری، بەشی باخچەی منالان

**پێشەکی:**

پرۆسەی هاوسەرگیری یەکێکە لە پرۆسە هەرە گرنگ و گەورەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، چون بە یەکێك لەبنەما هەرە گرنگەکانی بەردەوامی ژیانی مرۆڤایەتی و مانەوەی کۆمەڵگە و بەرەوپێش چونی دادەنرێت، ئەم پرۆسەیەش توشی چەندین کێشە و گیروگرفت دەبێتەوە، قەیرانی دارایی یەکێکە لەو گرفتانەی کە کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر ئەم پرۆسەیە کردووە، هەندێ جار دەبێتە هۆی دواکەوتنی پرۆسەکە یاخود هەڵوەشاندنەوەی، چونکە لە بنەڕەتەوە ئەم پرۆسە پێویستی بە ڕەهەندێکی ئابوری گونجاو هەیە، هەنوکەش لە کوردستان قەیرانی جۆراو جۆر بونی هەیەو بە قۆناغێکی سەختی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیاندا تێپەڕدەبێت.

ئاشکرایە جیابونەوە کاریگەری خراپ لەسەر تاك و کۆمەڵگە دادەنێت کاتێك تاك دوچاری هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری دەبێتەوە بێگومان کۆمەڵێك کێشەی دەرونی و ئابوریی ڕووبەڕوو دەبێتەوە لەسۆنگەی تێڕاما نمان لە بەرزبونەوەی ڕێژەی جیابونەوە لە شاری سلێمانی ئەم بابەتەمان هەڵبژاردووە بەناونیشانی (ڕۆڵی قەیرانی دارایی لە جیابونەوەی هاوسەراندا) کە توێژینەوەیەکی سۆسیۆلۆجی مەیدانیە لە شاری سلێمانی ئەنجامدراوە. ئەو هۆکارانەش

هاندەربوون، کە پاڵی بەتوێژەرانەوە نـاوە بـۆ هەڵبـژاردنی ئـەم بابەتـە و شیکردنەوەی کاریگەرییـەکانی لەسـەر تـاك و کۆمەڵگە. لەم توێژینەوەیەماندا هەوڵدەدەین بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان ڕۆڵی قەیرانی دارایی و هۆکارەکـانی زۆربـونی ڕێژەی جیابونەوە چونکە قەیرانی دارایی یەکێکە لەو فاکتەرە سەرەکییانەی کە هۆکارە لە زیادبونی ڕێژەی جیابونەوە.

ئەم توێژینەوەیە لـە دوو دەروازە پێکهـاتووە. دەروازەی یەکـەم لایـەنی تیـۆریی توێژینەوەکـە لـەخۆ دەگرێت و لەچـەن باسێك پێك دێت. لەبەشی یەکەمدا، کە چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکەیە، لە باسی یەکەمیدا کێشـەو گرنگـی و ئامـانجی توێژینەوەکە خراوەتە ڕوو. باسی دووەمیش پێناسەی چەمك و زاروەکانە، بەڵام بەشی دووەم پێك هاتووە لە ڕۆڵ و گرنگـی ئابووری لەڕوانگەی کلتـوور و ئـاین و زانسـتەوە، هـەروەها دۆخـی قـەیرانی دارایـی لـە کوردسـتان و جێکەوتـەکانی لـەخۆ دەگرێت، هەروەها هۆکارەکانی جیابونەوە و جێکەوتەکانی لەسەر ژن و مێرد. بـەڵام دەروازەی دووەم کـە لایـەنی پراکتیکـی ئەم توێژینەوەیەیە لە دوو بەش پێکدێت بەشی یەکەم ڕێکاریەکانی توێژینەوە و میتـۆدی توێژینـەوە، کۆمـەڵگا و نمونـەی توێژینەوە....تاد باس کراوە وە بەشی دووەمـیش خسـتنەڕووی خشتەو لێکدانـەوەیان لـەخۆ دەگرێـت. پاشـان ڕاڤـەکردنی دەرەنجامەکان خراونەتە ڕوو.لەکۆتـایشـدا کۆمـەڵێك پێشـنیارو ڕاسـپاردە ئاڕاسـتەی لایەنـە پەیوەندیـدارەکان کـراوە بـۆ سودمەندبوون لێیان وەك هەوڵێك بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی تەڵاق لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

## بەشی یەکەم

## چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

### باسی یەکەم: کێشەو گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە

#### 1. کێشەی توێژینەوەکە

شارەزایانی بواری توێژینەوەی زانستی جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کـە دەستنیشـانکردنی کێشـەی توێژینـەوەو دیـاریکردنی ڕەنگە قورستر بێت لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆی.[1] لە سێ ساڵی ڕابردودا بەهۆی ئەو بارودۆخە داراییە کە کوردسـتانی پێـدا تێپەڕدەبێت چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی سەریان هەڵداوە لەناویاندا کێشەی جیابونەوەی هاوسەران، گەرچی ئەم کێشەیە فرە هۆکارە بەڵام قەیرانی دارایی هۆکارێکی سەرەکییە لەبەرزبونەوەی ڕێژەی جیابونەوەدا لە پاشکۆی ژمارە ( 1 )دا بـەڕوونی ئەوە خراوەتەڕوو کە ڕێژەی جیابونەوە لەساڵانی قەیراندا بەڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە بە بەراورد بە پێش قەیرانی دارایی، وێڕای زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق ژمـارەی هاوسـەرگیریش کـەمی کـردووە بـە بـەراورد بـە سـاڵانی پـێش سـەرهەڵدانی قەیران.* ئەوەی لەم کارە زانستیە بەگشتی پەیوەندیدارە بە کێشەی سەرەکی ئـەم توێژینەوەیـەو وای کـردووە کـە جێگـەی بایەخ و گرنگی پێدانی ئەم کارە بێت پەیوەندی نێوان دۆخی ئابوری و سەرکەوتن یا هەڵوەشـاندنەوەی هاوسـەرگیری و ئـەو دیوانەی ئابوریە کە کاریگەریان لەسـەر پرۆسـەکە هەیـە، وە تـاچـەند قـەیرانی دارایـی ڕۆڵـی هەیـە لەسـەر جیابونـەوەی هاوسەران.

---

[1] عبداللة محمد الشريف، مناهج البحث العلمي (دليل الطالب في كتابة الآبحاث والرسائل العلمية)، مكتبة للطباعة و النشر و التوزيع، الاسكندرية - مصر 1996، ص35

* لە پاشکۆی ژمارە ( 1 )دا ئامارەکانی دادگای سلێمانی خراونەتەڕوو

### 2. گرنگی توێژینەوەكە

**گرنگی تیۆری:**

1. ئەو توێژینەوەیە لە بابەتێكی هەستیار دەدەین كە ئەویش دامەزراوەی خێزانەو ئەو مەترسیانەی كە ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

2. ئەو توێژینەوەی تا ئەو شوێنەی توێژەران ئاگادارن یەكەم توێژینەوەیە لەبوارەكەدا و هەوڵێكی بچوكە بۆ دەوڵەمەندكردنی كتێبخانەی كوردی و كاركردن بۆ دەستنیشانكردنی جۆرایەتی ئەو پەیوەندیەی كە لە نێوان هاوسەرگیری و ڕەهەندی ئابوریدا هەیە.

**گرنگی مەیدانی:**

دەكرێت لایەنە پەیوەندیدارەكان سود لە ڕاسپاردەو پێشنیارەكانی ئەو توێژینەوەی وەرگرن.

### 3. ئامانجی توێژینەوەكە:

ئەو توێژینەوەیە لە هەوڵی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی لای خوارەوەدایە:

1. خستنەڕووی ڕۆڵی قەیرانی دارایی لە جیابونەوەی هاوسەرانداَ.

2. خستنەڕووی ڕەهەندەكانی قەیرانی دارایی لەسەر ژیانی هاوسەران بە پێی ئەو گۆڕاوانە:

ا. شوێنی نیشتەجێبوون

ب. بێكاری

ج. كۆچ

د. هەژاری

ه. كەمی داهات (بەهۆی پاشەكەوتی مووچە)

### باسی دووەم: پێناسەی چەمك و زارەوەكان

**ڕۆڵ**

چەمكی ڕۆڵ لەزانستە مرۆیی و كۆمەڵایەتیەكاندا بەمانایی جیاواز بەكاردێت، ڕۆڵ چەمكێكە دەدرێتە پاڵ لایەنی دینامیكی پێگەیی جێبەجێكاری ئەو ڕۆڵە. واتە ئاماژەیە بۆ پێگە، هەروەها ئاماژەیە بۆ ڕەفتاری تاك یان كۆمەڵ لەبەر ڕۆشنایی مەزەندەیان یان مەزەندەی كەسانی تر بۆیان، ئەو مەزەندانە كاریگەر دەبێت بە تێگەشتنی تاك و كەسانی تر دەربارەی ئەو ئەرك و مافانەی كە پەیوەستن بەو پێگە كۆمەڵایەتیانەی كە بەكۆمەڵێ سیفەتی كەسی و چالاكی پوختەكراو جیادەكرێنەوە.[1] ڕۆڵ بەم شێوەش پێناسە دەكرێت كە ئەو ڕەفتارەیە كەتاك پێی هەڵدەستێ لەو ناوەندە كۆمەڵایەتیەی

---

1 احمد زكي بدوي، معجم مصطلحات ألعلوم الآجتماعية، مكتبة لبنان، بيروت 1987، ص39

کە کاری تێدا دەکات .یان دەتوانین بەشێوەیەکی تر بڵێین کۆمەڵە کردارێکە کە تاك پێی هەڵدەستێ بۆ سوربوون لەسەر دەستەبەسەراگرتنی پێگەکەی.[٣٣]

**قەیرانی دارایی**

**قەیران** وەك چەمکێکی سەربەخۆ بریتییە لە دۆخێکی ناسەقامگیر کە دەبێتە هۆی ڕوودانی گۆڕانکاری جەوهەری کە ڕەنگە دەرئە نجامەکانی نێگەتیڤ بێت وە دەشێت هەندێك جاریش پۆزەتیڤ بێت.[٣٤]

**قەیرانی دارایی** بریتییە لە داڕووخانی سیستەمی دارایی، کە پەیوەستە بە سەرنەکەوتنی دامەزراوە دارایی و نادارایییەکان لەگەڵ گرژبوونێکی توند لە کۆی چالاکییە ئابوورییەکان. هەروەها مەبەست لێی تێکچوونێکی بێشومار و کتوپڕە لە بازاڕی پشکەکاندا، یان لە دراوی هەر دەوڵەتێکدا یاخود لە بازاڕی خانووبەرە، یان کۆمەڵێك لە دامەزراوە دارایییەکان کە دواجار بۆ ئابوورییەکانی تر درێژە دەکێشێت، ئەو جۆری داڕووخانە دارایییانە دروست دەبێ کە لە دەرە نجامدا ئاسەوارەکانی بۆ زۆرێك لە بوار و کەرتەکانی تر درێژە دەکێشێت.[٣٥] **قەیران دارایی** بەم شێوەیەش پێناسە دەکرێت کە شڵەژانێکی توندو کتوپڕ کە ڕووبەڕووی دامودەزگا ئابوریەکان دەبێتەوە دوابەدوای ئەوەش دەبێتە هۆی داڕوخانی دارایی کە کاریگەری دەبێت بۆ سەر سێکتەرەکانی تر.[٣٦]

**پێناسەی ڕێکاری:** بریتییە لە دابەزینی ئاستی گوزەرانی هاوڵاتیانی هەرێم ئەویش بەهۆی سە پاندنی سیستمی پاشەکەوتی مووچەو وەستانی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانەوە کە بوٚتە هۆی بێکاربوونی زۆرێك لە هاوڵاتیان.

**جیابونەوە**

**مەبەست لە جیابونەوە** ئاماژەیە بۆ کۆتایهێنان بە پەیوەندی ڕەسمی یان مەشروعی نێوان ژن و پیاو بەشێوەیەك کە هەریەکەیان لە ڕووی فەرمییەوە لەوی دیکە دادەبڕێت و جارێکی تر مافی هاوسەرگیری هەبێت لەگەڵ یەکێکی تردا.[□]

لەلایەکی ترەوە ئەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە جیابونەوە بریتییە لەکۆتایی هاتنی ژیانی هاوسەرێتی و هەروەها لەبەریەك هەڵوەشاندنی ئەو پەیوەندییە زەماوەندیەیە کە بە پێی یاسا و ڕێسا دانی پێدانراوەو تایبەت بە سەردەمێك جێبەجێ کراوە.[□]

**پێناسەی ڕێکاری:** بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری لەڕووی یاساییەوە کە لە دادگاکان یەکلا دەکرێنەوە.

---

1 انور محمد علي، دور التربية في التغير الآجتماعي، مجلة كلية العلوم الآسلامية، المجلد السادس، العدد الثاني العشر، العراق - الموصل 2012، ص7

2 شومان منذر، الأعلام والأزمات، مدخل نظري وممارسات عملية، دار الكتب العلمية للنشر والتوزيع، القاهرة 2003، ص117

3 کنێر عەبدوڵا، قەیرانی دارایی و هۆکار و کاردانەوەکانی، سەرچاوەی ئەلیکترۆنی 2017: http://penus.krd/news364-65.htm (2017-4-10)

4 فريد كورتل، الآزمة المالية مفهومها واسبابها وانعكاساتها علي البلدان العربية، مجلة كلية بغداد للعلوم الاقتصادية الجامعة، عدد 20، بغداد 2008، ص6

5 سەمیرە، فەرهەنگی زاراوەی کۆمەڵناسی، و.خەسرەو میراودەلی، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی 2007، ل90

6 نەجم عەبدوڵا محەمەد، مرۆڤایەتی و ژن و تەڵاق، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر 2008، ل361

بەشی دووەم

رۆڵ و گرنگی ئابووری و قەیرانی دارایی و جێكەوتەكانی و هۆكارەكانی جیابونەوە

باسی یەكەم/ رۆڵ و گرنگی ئابوری لەڕوانگەی (كەلتور و ئاین و زانست)ەوە

لەم باسەدا گرنگی ئابووری لەڕوانگەی كەلتور و ئاین و زانستەوە دەخەینەڕوو، كە هەرسێكیان جەخت لە گرنگی رۆڵ و بایەخی ئابووری دەكەنەوە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە كە ڕەهەندی ئابووری چەن دەتوانێ كێشەی خێزان چارەسەر بكات بارتەقای زیاتر لەوە توانای تێكدان و هەڵوەشاندنەوەی خێزانی هەیە.

یەكەم: رۆڵ و گرنگی ئابووری لەڕوانگەی كلتورەوە

١. مارەیی لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا

مارەیی لە هەموو كۆمەڵگە و گرو پێكی دەستەكۆمەڵێدا بوونی هەیە بەڵام بە پێی دابونەریتی كۆمەڵگەكان دەگۆڕێت كەمەرج نیە ئەم مارەییە لەلایەن كوڕانەوە بدرێت، لەهەندێ كۆمەڵگەكاندا دەبێت ماڵی كچەكە مارەیی بدەن بەكوڕەكە لەبەرامبەر ئەوەی كچەكەیان مارەبكات. هەرچیش پەیوەندی بەمارەییەوە هەبێت لە پرۆسەی هاوسەرێتیدا لەكۆمەڵگەی كوردیدا ئەوەیە كە هەندێ خورەوشت پەیرەو دەكرێت لەكاتی بەئەنجام گەیاندنی خوازبێنی كچ بۆ كوڕدا، ئەویش ئەوەیە كە لە پاڵ داواكردنی مارەییدا زۆرجار شیربایش داوا دەكرێت بەڵام داواكاریەكان بە پێی دەسەڵات و توانایی ماددی داخوازیكەرەكە دەگۆڕێ، مارەیی زیاتر لەم شتانە پێك هاتووە ( پارە- زێڕ- تفەنگ- ئەسپ- مانگا ).[1]

بەڵام ئەوەی زیاتر بەرچاوە مارەیی لە كۆمەڵگەی كوردیدا لەسەر دەمانی پێشودا بڕێكی زۆریان وەرگرتووە بەرامبەر بەشودانی كچەكەیان كەزۆرجار بڕی مارەیی گەشتۆتە سەد یان دووسەد یان پێنج سەد سەر مەڕ جگە لەوەی دەبوو دیاری بۆ براو خوشكەكانی بوك بكرایە.[2]

لە كەلتوری كوردەواریدا داواكردنی مارەیی زۆر بۆ ئەوەنەبوو كە پاڵپشتی ئابوری بەهێز بۆ كچەكانیان دەست بخەن، بەڵكو بۆ دەستخستنی ئایندەیەكی سەقامگیربوە تا كچەكانیان لەمەترسیدانی جیابونەوە بەدوربێت. ئەوەی تێبینی دەكرێت لەكۆمەڵگەی كوردیدا بەخێوكردن و خۆراكپێدانی ئەمیش هەردەكەوێتە ئەستۆی پیاو وەك بەشێك لە مارەیی كچەكە دەبێت بۆی دەستەبەر بكرێت.[3]

بەگشتی لە كۆمەڵگەی كوردیدا مارەی لەسێ بەشی سەرەكی پێك هاتووە

1. مارەی پێشەكی: كەلەكاتی مارەبڕینی كچەكەدا دەكەوتە ئەستۆی ماڵی زاواو پێش گواستنەوەی كچەكە دابین دەكرا.
2. مارەیی پاشەكی: كە بۆ مسۆگەركردنی ئایندەیی كچەكە دیاری دەكرا.
3. مارەیی بەخێوكردن: ئەمیش دەكرا بە ئەركێك تا زاوا كچەكە وەك پێشترو ماڵە باوانی بەخێوی بكات.[4]

1 هەردەوێڵ كاكایی، دابونەریتی كوردەواری ناوچەی گەرمیان، چاپخانەی الحوادث، بەغداد 1989، ل150

2 مەلا مەحمودی بایەزیدی، دابونەریتی كوردەكان، و.شوكریە ڕەسوڵ، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوكردنەوەی سەردەم، بەغداد 1982، ل82

3 هێنری هارنۆڵد هانس، ژیانی ئافرەتی كورد، و.عەزیز گەردی، چاپخانەی كۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد 1983، ل55

4 مەلا مەحمودی بایەزیدی، سەرچاوەی پێشوو، ل84

هەنوكە لە كۆمەڵگەی كوردیشدا وەك نەریتێك و بەچاوكردن لەو پێشینە كوردیە داواكاری لەسەر مارەیی هێشتا بوونی هەیە بۆیە لەناو شارەكاندا چەندین گە نجی كوڕمان هەیە كە بەهۆی نەبونی خەرجی ژن هێنان و زۆری داواكاری لایەنی بەرامبەر هاوسەرگیری ناكەن یاخود دوای دەخەن.[1]

**ب. سامان و دارایی و كاریگەری لەهەڵبژاردنی هاوسەردا**

بواری دارایی پیاو لایەنێكی گرنگە هەروەك چۆن تەمەن و گرنگیدان بە تەواوێتی ( كاملبوون ) لایەنێكی گرنگی دیكەی كەسێتی پیاو پێكدێنێت یان هەروەك پاڵنەری بەهێزی كەسێتی و شێوازو گوزارشت لە توانای كەسێتی دەكەن، پێدەچێت ئافرەتێك پیاوێكی خۆش بوێت بۆ هەموو شتێك نا بەڵكو چەن شتێك لەوانەش سامان و دارایی بێت. هەندێكجار دەشێت پیاوێكی خۆش بوێت گەورەتر لە تەمەنی خۆی، هەربۆیە ئاساییە كچێكی شۆخ و گەنج هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێكدا بكات لەتەمەن گەورە بەڵام خاوەن سەروەت و سامان، وە ئاسایشە هەندێ ئافرەت هەبن جۆرە پیاوێك هەڵبژێرێن كە دواڕۆژێكی باشیان لەڕوی هەبونی سامانەوە بۆ دابین بكا، ئەم هەڵبژاردنەش لەسەر بنەمایی خۆشەویستی نییە وەڵێ لەسەر بنەمایی جۆریەتی ژیانی داهاتویەتی ئەمەش كێشەی گەورەیان بۆ دروست دەكات لە دوای زەواج چونكە لە ئەزەلەوە پێكهێنانی زەواجەكە لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە بووە نەك قەناعەت بەمەش هەر زوو ئەو خێزانانە ڕووبەڕووی گرفتی گەورە دەبنەوەو بە هەڵوەشاندنەوەی خێزانەكەیان كۆتایی دێت.[2]

**دووەم: ڕۆڵ و گرنگی ئابووری لە ڕوانگەی ئاینەوە**

ئاینی ئیسلامیش بەهەمان شێوە باسی ڕۆڵ و گرنگی ئابوری دەكات و تیایدا باس لەوە دەكات دەبێ مادە بۆ پڕكردنەوەی پێداویستیەكانی مرۆڤ بێت، وە چەن گرنگی بە مادە دەدات بەهەمان شێوە گرنگی بە چۆنیەتی بەكارهێنانی دەدات، بۆ نموونە هەندێك جۆری دەستكەوتنی پارەی حەرامكردووە وەك ( فرۆشتنی مەی و وەرگرتنی رەشوەو ئیشكردن لەبارو فرۆشتنی شتی حەرام ...هتر ). بەهەمان شێوە گرنگی بەبەرهەمهێنان داوە، بەڵام هیچ دەستێوەردانێكی لەوباسەدا نەكردووەو ئەمەی جێهێشتووە بۆ توانای تاكەكان، خۆیان سەربەستن لە ئە نجامدانی ئەو كارە بەمەرجێ لەگەڵ ئەحكامەكانی ئاینی ئیسلامدا بگونجێ، وەهیچ دەقێك نییە لە ئیسلامدا باسی لە دەستێوەردان كردبێت لەبەرهەمهێناندا.[3]

* بەڕای توێژەران مەغزای ئاین بۆ ئابوری بریتییە لەهەوڵدان بۆ پڕكردنەوەی هەموو پێداویستیەكانی مرۆڤ و بە پێی ئەو ژینگەیەی كە تیایدا دەژی، وە بەو شێوەیەش سەیری مرۆڤ دەكات كە دەبێت زۆرینەی پێداویستیەكانی رۆژانەی بۆ پڕبكرێتەوە. دەتوانین بڵێین تێڕوانینی ئیسلام بۆ كێشەی ئابوری وەك تێڕوانینی بۆ هەر كێشەیەكی تری مرۆڤایەتی وایەو بۆ چارەسەركردنی كێشە بنەڕەتیە ئابوریەكانی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ دەقی قورئانی پیرۆز وە هەر لەو ڕێگەیەشەوە هەوڵ بۆ چارەسەركردنی دەدۆزێتەوە. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین هەموو هەوڵی سیاسەتی ئابوری لە ئایندا بریتییە لەدابینكردنی

1 حوسێن خەلیقی، كۆمەڵناسی كوردەواری، چاپی دووەم، چاپخانەی الحوادث، بەغدد 1983، ل247

2 عايدة احمد الرواجبة، الحياة الزوجية السعيدة، ط1، المكتبة الثقافة، بيروت 2003، ص158

3 النضام الاقتصادي في الآسلام، من منشورات حزب التحرير، الطبعة السادسة، دار الآمة للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت - لبنان 2004، ص64

خۆشگوزەرانی تاكەكان، هەربۆیە دەبینین ئەحكامی شەرعی سورە لەسەر ئەوەی هەموو پێداویستیە گرنگەكانی وەك (خواردن – جلوبەرگ- شوێنی نیشتەجێ بوون ..هتر) بۆ هەموو تاكێك پربكرێتەوە، ئەویش لەرێگەی جەختكردنەوە لەسەر كاركردنی پیاو بۆ ئەوەی بتوانێ پێداویستیە گرنگەكانی ژیانی بۆ خۆی ماڵ و منداڵی پركاتەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی بگات بە ئاما نجەكانی و ئابوری وڵات بەرزبێتەوە، وە لە هەمان كاتیشدا باس لەوانە دەكات كە خاوەن پێداویستی تایبەتن بەتایبەت ئەوانەی ناتوانن كار بكەن ئەو پێی وایە دەبێ پێداویستیەكانیان لەلایەن وڵاتەوە دابین بكرێت.

لەكۆتایدا دەتوانین بڵێین كە تێروانینی ئاینی ئیسلام بۆ ئابوری بریتییە لە تێركردنی پێداویستیە بنەرەتیەكانی مرۆڤ بێ هیچ جیاوازیەكی مرۆیی و ئاینی و كۆمەڵایەتی و رەگەزی، وە هەر لەروانگەی پارە و چۆنیەتی بەكارهێنانی لە قورئاندا هاتووە كە پارە پێویستە بۆ پركردنەوەی پێداویستیە گرنگەكان نەك بۆ فەخر و شانازی (وَلا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ).[1]

سێیەم: رۆڵ و گرنگی ئابووریی لەروانگەی زانستەوە

لەروانگەی زانستەوە ئابووری كاریگەری و گرنگی تایبەتی خۆی هەیەو لێرەدا بۆ بەڵگەی زیاتری ئەم باسە هەرەمەكەی ماسلۆ بە نموونە دەهێنینەوەو بەكورتی باسی دەكەین كە تیایدا دەربارەی پێداویستیەكانی مرۆڤ پۆلێن بەندییەكی كردووەو بەیەكێك لە گرنگترین تیۆرەكانی سەر بە رێبازی قوتا بخانەی مرۆڤایەتی دادەنرێت. بەبرِوای ماسلۆ پێداویستیەكانی مرۆڤ بەشێوەیەكی چوچەكی گەشە دەكەن، لەسەرەتاوە بە پێداویستیە فیسۆلۆژیەكان دەست پێدەكات و دواتر بەرەو هێنانەدی و بەدەستهێنانی خود سەردەكەون، ئەمەش مانای گرنگی مادە بۆ پركردنەوەی پێداویستیەكانی مرۆڤ دەردەخات.[2]




1 القرآن الكريم، سورة الآعراف، الآية 31

2 كەریم شەریف قەرەچەتانی، سایكۆلۆژیایی گشتی، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر 2006،ل104

1. پێداویستیە فیسۆلۆجیەکان: لەگرنگترین ئەو پێداویستیانە بریتین لە (خۆراك و خواردنەوەو ئۆکسجین و ئیسراحەت ...هتر)، بەبۆچونی ماسلۆ تێرکردنی ئەم پێداویستیانە دەبن بە پاڵنەر و بناغە بۆ مرۆڤ و گەڕان بەدوایی پێداویستیەکانی تر، هەر لەبەر گرنگی پێداویستیە فیسۆلۆجیەکان لەسەرەتای هەرەمەکە دایناوەو پێشی وابووە تا خانەی یەکەم تێر نەکرێت ناتوانرێت بگەین بە خانەکانی تر.

2. پێداویستی ئاسایش و دڵنیایی: لەم ئاستەی هەرەمەکە باس لەو جۆرە پێداویستیانە دەکات کەدەبن بە پاڵنەر بۆ ئەوەی مرۆڤ بەدوای ئاسایش و دڵنیایی و سەلامەتیدا بگەڕێ و لەترس و دڵەڕاوکێ و شڵەژان دوربکەوێتەوە بۆ نمونە گەرەنتیەکت هەبێت لەوەی کە شوێن و مەکانی کارەکەت پارێزراوەو مانگانە لەبەرامبەر مافی کارەکەت بڕە مووچەیەك وەردەگریت.

3. پێداویستی کۆمەلآیەتی: دوای پڕکردنەوەی پێداویستی فیسۆلۆژی و ئاسایش ئەم جۆرە لە پێداویستی دەردەکەوێت، سروشتی مرۆڤ واهەڵکەوتوە کە نەتوانێت بە تەنیا بژی و بەردەوام پێویستی بەخۆشەویستی و پەیوەندی کۆمەلآیەتی لەگەڵ دەوروبەردا هەیە، وە ئەگەر مرۆڤ ئەم پێداویستیەی پڕنەکاتەوە دەبێتە هۆی سەرەڕۆیی و خەمۆکی و دڵەڕاوکێ بوونی.

4. پێداویستی ڕێزگرتنی خود: ئەم پێداویستیە مانای حەزو ئارەزوی مرۆڤە بۆ ئەوەی کەسێك بێت ڕێزی لێبگیرێت و کەسایەتیەکی سەربەخۆ و تایبەت بەخۆی هەبێت و کەس سوکایەتی پێ نەکات و لەنرخی کەم نەکاتەوە، ئنجا هەرکاتێك ئەم پێداویستیە تێر بوو مرۆڤ هەستی بەهێز و متمانە و بڕوابەخۆبونی لا دروست دەبێت. وە بە پێچەوانەشەوە مرۆڤ هەست بەکەم توانایی و دڵەڕاوکێ دەکات و بەمەش ڕووبەڕووی زۆر کێشەو گیروگرفتی دەرونی و کۆمەلآیەتی دەبێتەوە.

5. پێداویستی بەدەستهێنانی خود: ئەم پێداویستیە مانای وایە مرۆڤ ئەو حەز و ئارەزووەی کە هەیەتی لەتواناو لێهاتووەکانی لەژیانی واقعیدا بێنێتەدی و لەکار و چالاکیەکیەکانیدا بەرجەستەیان بکات، بەمەرجێك لەگەڵ حەزو ئارەزو تواناکانیدا بگونجێت.[1]

* بەڕای توێژەران مادە ڕۆڵ و گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان، هەر لە پڕکردنەوەی پێداویستیە فیسیۆلۆجیەکان تا دەگاتە بەدەستهێنانی خود چونکە ئەگەر لایەنی مادیی مرۆڤ وەك پێویست نەبێت ناتوانێت هیچ پێداویستیەکی بنەڕەتی کە بریتین لە( خواردن و جلوبەرگ ... هتر)، بەدەستبهێنێت و ئەگەریش نەتوانێت ئەم پێداویستیانە پڕبکاتەوە کە لە خوارەوەی هەرەمەکەدان ئەوا ناتوانێت بگات بە ئاستی دووەم و سێیەم و کۆتایی هەرەمەکە. کۆمەڵگەی کوردی تا ئێستا لە ئاستی خوارەوەی ئەم هەرەمەدایەو نەیتوانیوە بگات بە پلەکانی سەرەوەی هەرەمەکە.

1 کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیایی گشتی، سەرچاوەی پێشوو، ل106

**باسی دووەم/ قەیرانی دارایی لە كوردستان و جێكەوتەكانی**

**یەكەم: قەیرانی دارایی لە كوردستان**

**لە ساڵی (2014)ەوە قەیرانی دارایی لە باشوری كوردستان، بووە بە كێشەیەكی دیار و مەترسیدار كە ڕۆژانە ئاسەوار و كاردانەوەی لەسەر ئاستی تاك و گشتیی كۆمەڵدا دەردەكەوێت. هۆكارەكانی سەرهەڵدانی ئەو قەیرانە فرەلایەنەو بریتین لە( بوونی جەنگی داعش لە عێراق و كوردستان و ناتەبایی و ناڕێكیی حزبە سیاسییەكان، ناداد پەروەری لە سیستەمی مووچە، لەخۆگرتنی زۆربەی پەنابەرانی ناوچەكانی تری كوردستان و عێراق، زۆریی ژمارەی مووچەخۆران، زۆریی ڕێژەی خانەنشینان، بوونی دیاردەی گەندەڵی، نەبوونی ژێرخانی ئابووریی تۆكمەو چەندین هۆكاری تر ) كە هۆكاری سەرەكین لە سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی. یەكەم جارە لە مێژوودا باشووری كوردستان، لەسەردەمی حوكمڕانی دەسەڵاتدارانی خۆماڵی تووشی دۆخێكی قەیراناویی یەك بەدوای یەكی لەم جۆرە ببێتەوە، كە بەدەر لەهەموو ئەو ئاسەوارانەی دیكە، یەكێك لە جیاوازیی كاردانەوەكانی تر بریتییە لە پاشەكەوتكردن و دواخستنی مووچەی سەرجەم فەرمانبەرانی كوردستان، كە زیاد لە ساڵێكە درێژەی هەیە، دەرەنجامی هەموو ئەوانەیش دۆخێكی ناجێگیری سیاسی، دەروونی، كۆمەڵایەتی و تەندروستی هاتۆتە ئاراوە، كە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ كاردانەوەی خراپ دێنێتە ئاراوە.**[1]

**دووەم: جێكەوتەكانی قەیرانی دارایی لەسەر هاوسەران**

**بەشێوەیەكی گشتی كاردانەوە و ئاسەوارەكانی هەموو قەیرانێك لە كۆمەڵدا، لایەنی خراپ و مەترسیداری زۆری لەسەر ئاستی كۆمەڵ و تاكەكان بەگشتی و هاوسەران بە تایبەتی هەیە، لەوانە ( دواكەوتنی گەشەی كۆمەڵایەتی و سیاسیی و ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و ئابووری و تەندروستی و دەروونی، سەرهەڵدانی بێكاری، زیادبوونی نەخوێندەواری، زیادبوونی دیاردەی كۆچكردن، تێكچوونی دۆخی خێزانی، سەرهەڵدانی دیاردەی دزین، كەمكردنەوەی جموجوڵی بازاڕ و كڕین و فرۆشتن، كەمبوونەوەی وەبەرهێنان، لاوازیی ئەمن و ئاسایش، كەمبوونەوەی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان، ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەكان، كەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتووان، زیادبوونی جۆرەكانی توندوتیژی و ڕەفتاری توندڕەوانە، زیادبوونی كێشە كۆمەڵایەتییەكانی وەك جیابوونەوە، بچووككردنەوەی خێزانەكان، زیادبوونی كێشە دەروونی و تەندروستییەكان و چەندین دیاردەی نەشیاوی تر... هتر)، بوونی هەموو ئەو ئاسەوارانە، ئەگەرچی لە دەرەنجامدا هەموو هاووڵاتیان لە پیاوان، ژنان، منداڵان و گەنجان و پیران و مێژووی ئەو كۆمەڵ و نەتەوەیە، بەهۆیەوە زەرەر و زیانی زۆریان بەردەكەوێت و هەریەك بەشێوەیەك دوچاری گرفت دەبێتەوە، بەڵام بەگشتی ئەگەر پیاوان باجی گەورە و زۆری قەیرانە ئابوورییەكانیان بەركەوێت، ژنانیش بە هەمان شێوەی پیاوان مەترسی و زیانیان بەردەكەوێت.**[2]

**گرنگترین ئەو ئاسەوارانەی كە بەهۆی قەیرانی داراییەوە ڕووبەڕووی هاوسەان دەبنەوە لەڕووی كۆمەڵایەتیەوە وەك ( زۆربوونی تەڵاق ، زیادبوونی دیاردەی لەشفرۆشی، تەشەنەسەندنی جۆرەكانی توندوتیژیی جەستەیی و دەروونی و سێكسی، سنووردارکردنی منداڵبوون یان وەچەخستنەوە، بێبەشكردنی ژنان لە خوێندن، گێڕانەوەی ژنان بۆ سووچی ماڵەوەی**

---

1 كنێر عەبدوڵا، قەیرانی دارایی و هۆكار و كاردانەوەكانی، سەرچاوەی پێشوو

2 مصطفي العبد الله، الأزمات والدورات الاقتصادية، نقلا عن الموقع الالكتروني: http://www.hewar.com/economics (10-6-2017)

خێزانەکان، سەرهەڵدانەوەی دیاردەکانی وەك زوو بەشوودان و بەزۆر بەشوودانی کچان و گەورە بە بچووك و چەندینی تر، یان زیاتربوونی کوشتن و خۆکوشتنی ژنان، زۆربوونی بێکاری، کەمیی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیری، قبوولکردنی سووکایەتی و دەستدرێژی، زیادبوونی کێشەی منداڵ و خێزانی، زیادبوونی ناپاکیی هاوسەرگیری ... هتر). لەڕووی دەروونیشەوە ئەوەی دوچاری هاوسەران دەبێتەوە بریتین لە زیادبوونی کێشە و گرێ دەروونییەکانی وەك (خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، بێتاقەتی و بێزاری، بێمتمانەیی و گوشاری دەروونی و لاوازبوونی لایەنی ڕۆحیی مرۆڤەکان ...هتر). لەڕووی تەندروستیشەوە ئەوەی هاوسەران دووچاریان دەبێتەوە بریتین لە (زیادبوونی نەخۆشییەکان لە ڕووی جەستەییەوە، وەك جەڵتەی دڵ و دەماغ، زیادبوونی پەستانی خوێن، لاوازبوونی جەستە، بەدخۆراکی و زۆرێك لەو نەخۆشییانەی دەبنە هۆی سستی و بێهێزیی مرۆڤەکان، کە دەرەنجام دوچاری زۆرێك لە نەخۆشییەکانی تر دەبنەوە).[1]

**باسی سێیەم/ جێکەوتەو هۆکارەکانی جیابونەوەی هاوسەران**

**یەکەم: جێکەوتەی جیابونەوە لەسەر هاوسەران**

جیابونەوە دائەنرێت بە تاقیکردنەوەیەکی ئازاراوی بۆ ژن و مێرد چون خۆی دەبینێتەوە لە کۆمەڵێك کێشەی یاسایی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کە دوای کۆتایی هێنان بە پرۆسەی هاوسەرگیری دوچاری هاوسەرەکان دەبنەوە، وە مرۆڤ چ پیاو بێت یاخود ژن ئەگەر هیچ کێشەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەرونیشی نەبێت ئەوا ڕاستەوخۆ دوای جیابونەوە بەکۆمەڵێك کێشەدا تێپەڕدەبێت و دەبێتە هۆی تێکدانی هاوسەنگی لە زۆرێك لەلایەنەکانی ژیانەوە هەربۆیە تاك پێویستە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دوای جیابونەوە بە ژیانی خۆیدا بچێتەوە لە لایەنی سۆزداری و ئابوری و کۆمەڵایەتیدا، ئەمە وێڕای ئەوەی تاك لە دوای جیابونەوە هەست بە داڕوخان و لەدەست دانی خۆشەویستی و شەرم دەکات لەناو کەسە نزیکەکانی خۆیداو هەرلەبەر ئەمەشە توشی دابڕانی کۆمەڵایەتی دەبێت، وە هەڵسوکەوتی دەگۆڕێ و توند دەبێت بەرامبەر کەسانی تر بەجۆرێك کۆمەڵێك هەڵسوکەوتی تیا دەردەکەوێت کە دەبنە هۆی دروست بوونی کێشەو گرێی دەرونی و سۆزداری.[2]

هاوسەرەکان لەدوای جیابونەوە دوچاری زۆر کێشە دەبنەوە بۆ نمونە پیاوان یەکێك لەو کێشە گەورانەی دوچاریان دەبێتەوە کێشەی ئابورییە ئەویش بەوەی کە ئەبێت پابەند بێت بە پێدانی نەفەقە بۆ ژن و منداڵەکانی هەروەها پێدانی مارەیش کە لەکۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی بونی هەیە، وە کێشەیەکی تریش بەرۆکی پیاو دەگرێت کە هاوسەرگیری دووەم ئەکات ئەرکی بەخێوکردنی خێزانە تازەکەشی دەکەوێتە سەر شان لە هەمان کاتدا بەخێوکردنی منداڵەکانی و ژنی پێشووی ئەمەش وای لێدەکات توشی کێشەی ئابوری و بەرپرسیارێتی گەورە بێت، وە ئافرەتیش بەهەمان شێوە بە کۆمەڵێك کێشەی ئابوریدا تێپەڕدەبێ چونکە پێشتر پشت ئەستور بووە بەمێردەکەی بەتایبەت لەلایەنی ئابوریەوە، وە ئەو ژنانەشی کە کاریان نیە سەرچاوەیەکی ئابوری دیاری کراویان نیە توشی کێشەی گەورەتری ئابووری دەبنەوە بەتایبەت لەدوای جیابونەوە لە کاتێکدا کە خۆی و منداڵەکانی دەگەڕێنەوە ماڵی باوکیان و بەمەش وادەکات ژنەکە هەست بە کەمی بکات چونکە وا هەست دەکات خۆی و منداڵەکانی بونەتە بار بەسەر خێزانەکەیەوە، وە بە پێچەوانەشەوە ئەو ژنانەی کە تاڕادەیەك کاردەکەن و

---

1 کنێر عەبدوڵا، قەیرانی دارایی و هۆکار و کاردانەوەکانی، سەرچاوەی پێشوو

2 مليحة عوني القصير و صبيح عبدالمنعم احمد، علم الاجتماع العائلة، مطبعة الجامعة بغداد، بغداد 1984، ص422

سەرچاوەیەكی داهاتی سەربەخۆیان هەیەو توانای دابینكردنی پێداویستیەكانی ژیانیان بۆ منداڵەكانیان هەیە تارادەیەك كەمتر لێكەوتەی جیابونەوە كاریگەریان لەسەر دەكات بەبەراورد بەوانەی هیچی سەرچاوەیەكی بژێوی تریان نیە.[1]

ئافرەتی تەڵاقدراو لە كۆمەڵگەی داخراودا هەمیشە نیشانەی لەسەر دانراوە ناتوانێ بە هیچ شێوەیەك گوزارشت لە ئازارەكانی بكات و وەك ئافرەتی ئاسایی هەڵسوكەوت و مامەڵە بكاو بەدڵی خۆی پۆشاك بپۆشێت، ئەمە وێرای ئەوەی كەم پیاو هەیە جارێكی تر هاوسەرگیری لەگەڵدا بكات و بەمەش ئافرەتی تەڵاق دراو دەبێتە سوتەمەنی رۆژگار و كۆمەڵگەی پیاوسالار.[2]

* بەڕای توێژەران لەكۆمەڵگەی كوردیدا جیابونەوە وەك شكست و خاڵی لاواز سەیر دەكرێت نەك وەك مومارەسەكردنی ماف، هەربۆیە لەدوای هەموو جیابونەوەیەكەوە دنیایەك تۆمەت و قسە هەڵبەستن و تیر و توانج خۆی حەشار داوە هەمیشە دەیان پرسیار خراوەتە سەر كەسی جیابۆوە بەتایبەت بۆ ڕەگەزی مێ وە ئەمەش جگە لە سزایەكی كۆمەڵایەتی بۆ هاوسەرە جیابۆوەكان هیچ مانایەكی تری نییە.

**دووەم: هۆكارەكانی جیابونەوە**

ئاشكرایە پێكهێنانی ژیانی هاوبەش لەنێوان ژن و مێرد بەگوێرەی گرێبەستی شاراوە یان ڕەسمی ئە نجامدەدرێ، بۆئەمەش گەر پەیمان بەستووەكان یەكێكیان بڕیاری پوچەڵكردنەوەی ئەو گرێبەستەیدا، ئەوە مانای وایە گرفتێك لەنێوانیاندا ڕویداوەو بەهەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەكە نەبێ چارەسەر ناكرێ. ئەمەش مانای ئەوەیە كە گیروگرفتی كۆمەڵایەتی یان كەسایەتی یان ئابووری یان دەرونی وایكردووە كە كۆتایی بەوگرێبەستە بهێنن. هۆكارەكانی جیابونەوە فرە هۆكارن وەك (كەمی ماوەی دەزگیرانداری، هاوسەرگیری زوو، شوكردن یا ژنهێنانی زۆرە ملێ، نەگونجانی ژن و مێرد، نەزۆكی، ناپاكی هاوسەرگیری، ئالودەبوون بە مادەی هۆشبەر، فرە هاوسەری، تەكنەلۆجیا...هتر) لە توێژینەوەكەماندا تەنها گرنگی و فۆكەسی زیاتر دەخەینە سەر هۆكارە ئابوریەكان كە ئەمانەی لای خوارەوەن.[3]

**1. كەمی داهات (بەهۆی سیستمی پاشەكەوتی مووچە)**

یەكێك لەو هۆكارە گرنگانەی كە هەنوكە لە كوردستاندا گەورەترین كێشەی بۆ مووچەخۆران دروست كردووەو لێكەوتەی خراپی هەیە بۆسەر ژیانیان (سیستمی پاشەكەوتی مووچەی فەرمانبەرانە) ئەمەش دوای ئەوەی كە حكومەتی هەرێم نەیتوانی لەكاتی خۆیداو بێ پاشەكەوت مووچەی فەرمانبەرەكانی دابەش بكات ناچار بە بڕیارێك لە دەرەوەی پەرلەمانی كوردستان سیستمی پاشەكەوتی بەسەر مووچەخۆراندا سەپاند بەشێوازێك كە ڕێژەكەی لە 10٪ بۆ 75٪ مانگانە لە مووچەی فەرمانبەران دەبڕدرێت، چاوگی ئەم بڕیارەش دوای ئەوە دێت كوردستان خۆی نەوت بفرۆشێ ونەگەڕێتەوە بۆ بەغداد وەك یەكەم هەنگاوی سەربەخۆبونی ئابوری، بەغداش لەیەكەم كاردانەوە بودجەی 18٪ی كوردستان بڕی، دەرەنجامی ئەمەش دۆخێكی ناجێگیری سیاسی، دەروونی، كۆمەڵایەتی، ئابوری هاتە ئاراوە. پاشەكەوتی مووچە بەو ڕێژە

---

1 مليحة عوني القصير و صبيح عبدالمنعم احمد، علم الاجتماع العائلة، المصدر السابق، ص433

2 شیلان عەلی، چارەنوسی ئافرەتی تەڵاقدراو لە كۆمەڵگەی داخراودا، گۆڤاری ئەستێرە، ژمارە 8، ساڵی 2011، لا5-6

3 محمد شندی الراوی، و.سایە فارس، هۆكارەكانی هەرەسهێنانی خێزان و تەڵاق، سەرچاوەی ئەلیكترۆنی 2016: http://www.shanpress.com/details.aspx?jimare=5813 (2017-6-20)

زۆرە بارگرانیەكی قورسی خستۆتە سەر شانی فەرمانبەران چون چەندین ساڵە ژیانیان ستاندارد كردووە لەسە ئەو بڕە مووچەیەی كە مانگانە وەریانگرتووە، تادێت گوزەران و ژیانی هاوڵاتیانیش لە هەرێمی كوردستان خراپتر دەبێت و كێشە كۆمەڵایەتی و ئابوریەكان لە پەرەسەندندان بەمەش لێكەوتەی خراپی هەبووەو بۆتە هۆی زۆربونی ڕێژەی جیابونەوە. لە دەیەكانی رابردوو هیچ كات بارتەقای ئێستا گوزەرانی خەڵك خراپ نەبووە و كێشە كۆمەڵایەتیەكان بەم دۆخەی ئێستا نەگەشتوە، ئەمەش كاریگەری مەترسیداری بۆسەر تەونی كۆمەڵایەتی هەرێمی كوردستان دروستكردووە.[1]

* **بەڕای توێژەران** یەكێك لەو هۆكارە سەرەكیانەی كە كاریگەری نێگەتیڤی كردۆتە سەر ژیانی هاوسەران سیستمی پاشەكەوتی مووچەیە ئەمەش بەهۆی ئەوەی لەم سیستمەدا ڕەچاوی هیچ بنەمایەكی یاسایی نەكراوە و بەزۆر سە پێنراوە بەسەر فەرمانبەرانداو لەبنەڕەتیشدا بێدادیەكی زۆری تێدایە ئەمە وێڕای ئەوەی زیاتر لە نیوەی مووچەی فەرمانبەران پاشەكەوت كراوە مانگانەش ناتوانن لە كاتی خۆیدا ئەو چارەكە مووچەیە بدەن هەندێكجار بە دوو مانگ جارێك تەنها مووچەیەك دەدرێت، وە ئەم سیستەمە فەرمانبەرانی سەربازی نەگرتۆتەوەو تایبەتە بە فەرمانبەرانی شارستانی، وە لەبەر ئەوەی مووچە و بازاڕ تەواوكەری یەكترن گرفتێك لە یەكێكیان دروست بێ كاریگەری دەبێت بۆ سەر ئەوی تریان واتە وێڕای خراپی دۆخی مووچەخۆران ئەوانەشی فەرمانبەرنین بەهەمان شێوە دۆخی ژیان و گوزەرانیان خراپە، ئەم هۆكارەش دادەنرێت بە یەكێك لە هۆكارە سەركیەكانی هەڵوەشاندنەوەی خێزان.

2. **نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون**

نەبوونی شوێنی نیشتەجێ بوون یەكێك لەو هۆكارەكارانەی كە كۆسپی گەورە دروست دەكات لەبەردەم ژیانی هاوسەراندا بەتایبەت ئەوانەی تازە ژیانی هاوسەریان پێك هێناوە، پاش دوچاربوونی هەرێم بە كۆمەڵێك قەیرانی جۆراو جۆر ئەم گرفتە زیاتر پەرەی سەندووە. كەواتە دەتوانین بڵێین نەبونی شوێنی نیشتەجێ بوون هۆكاری سەرەكیە بۆ تێكچون و هەڵوەشاندنەوەی خێزان چونكە كاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر بارودۆخی پەیوەندیەكانی نێوانیان، مرۆڤی هەژارو كەم دەرامەتیش لەڕووی دەرونیەوە هەست بە ئارامی ناكات بە تایبەت لە كاتێكدا شوێنی حەوانەوەو نیشتەجێ بوونی نەبێت.[2]

كۆمەڵگەی كوردیش بەدەر نییە لەم كێشەیەو شوێنی نیشتەجێبوون سنور بۆ پێكهێنانی ژیانی هاوسەرێتی دادەنێت، وە كاریگەری بەرچاویشی دەبێت لەهەڵوەشاندنەوەو تێكچونی خێزان. دیارە لە كۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتیەكان پەیوەندییەكی بەهێز هەیە لەنێوان هاوسەرگیری و شوێنی نیشتەجێبوون، چونكە شوێن بە یەكێك لە پێداویستیە گرنگەكانی ئەمڕۆی پرۆسەی هاوسەرگیری دادەنرێت، هەرلەبەر ئەمەشە هەر تاكێك كە دەگاتە تەمەنێك كە ئارەزوی هاوسەرگیری هەبێت پێویستە لەسەرەتادا بیر لەشوێنێك بكاتەوە بۆ ئەوەی تێیدا نیشتەجێبێت، بۆیە هەركە سەیری ئەم دوو چەمكە و پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەكانی نێوانیان دەكەین ئەوا یەكسەر دەبینین كە نیشتەجێبوون هۆكارێكە بۆ دروستبوونی هاوسەرگیری چونكە

1 كنێر عەبدوڵا، قەیرانی دارایی و هۆكار و كاردانەوەكانی، سەرچاوەی پێشوو
2 علي القائمي، الأسرة و قضايا الزواج، ط1، دار النبلاء، بيروت 1994، ص48

كۆمەڵێك گرفتی وەك ( خێزانی و ئابوری و كۆمەڵایەتی ) كەم دەكاتەوە، چونكە زۆرێك لەو هۆكارانە بەهۆی گرفتی نەبوونی شوێنی نیشتەجێ بوونەوە دروست دەبن.[1]

ئاشكرایە زۆرجار ئەو هاوسەرانەی باری ئابوریان وەك پێویست نییە ناچار دەبن بچنە نێو ماڵی باوكی كوڕەكە بمێننەوە ئەمیش بەهۆی ئەو سیستمە پیاوسالاریەی كە باوە لەناوچەكەدا، بەمەش زۆری ئەندامانی خێزان هۆكارە بۆ سەرهەڵدانی گرفتە خێزانیەكان لەلایەك و لەلایەكی ترەوە دەبێت كچەكە بێتە ناو كۆمەڵێك میزاجی جیا جیا كە ڕەنگە توانای خۆگونجاندنی ئەو هەموو میزاجەی نەبێت یان ئەگەر هەشی بێت بۆ ماوەیەكی كەم خۆراگر بێت، كاتێكیش گرفتە خێزانیەكان دروست دەبن هاوسەرە نوێیەكە توانای بەرگەگرتنی نابێت و ناچار دەبێت لەماڵی ( خەزوری ) باوكی كوڕەكە بچێتەدەر و شوێنێكی سەربەخۆ بدۆزێتەوە ئاشكرایە بەمەش دەبێتە كرێچی كە بڕێكی زۆر لەو مووچەیەی كە لەماوەی یەك مانگدا بەدەستی دێنێ دەبێ بیدات بە خاوەن موڵكەكە، ئەمەش وادەكات لایەنی مادی لاوازتر بێت و بەشی بژێوی ژیانیان نەكات، ناچار مێرد یان پیاوەكە بچێت زیاتر لەكارێك ئە نجامبدات تەنها بەمەبەستی بژێوی ژیان و كرێی خانوەكە كە ئەمەش لەڕوانگەی كۆمەڵایەتیەوە كۆمەڵێك گرفتی خێزانی تر دروست دەكات، وەك نەبونی ماوەی بینینی خێزان و منداڵەكانی یاخود نەبونی كاتێكی دیاریكراو بۆ گەشت یان هەر جۆرێكی تر كە گرفتی خێزان دروست دەكات.[2]

* بەڕای توێژەران كوردستان وەك كێڵگەی تاقیكردنەوەی ئەو هەموو گرفتانەیە كە باسمانكرد، هەروەك دیارە زۆربەی خێزاندارەكان زیاتر لە كارێك ئە نجام دەدەن بۆ دابینكردنی بژێوی ژیان. شوێنی نیشتەجێبوونیش زۆرجار دەبێتە هۆی زیادبونی ڕێژەی جیابونەوە، لە ئە نجامی توێژینەوەكەشماندا درك بەوە دەكرێت نەبونی شوێنی نیشتەجێبوون بە یەكێك لە مۆتیڤە گرنگەكان دادەنرێت بۆ جیابونەوە وە ئەم كێشەیەش دوای سەرهەڵدانی شەڕی داعش و ئاوارەبونی ژمارەیەكی زۆر لە عەرەبەكانی ناوچەكانی موسڵ و ئەنبار بۆ ناوچەكانی كوردستان وایكرد كرێی خانوو بە ئەندازەیەكی بەرچاو بەرزبێتەوە و هاوڵاتیانیش لەبری كوردەكان زۆرجار خانوەكانیان دەدەن بە خێزانە عەرەبەكان لەبەر ئەوەی پارەیەكی زیاتریان دەدەنێ بە بەراورد بە خێزانە كوردەكان.

### 3. هەژاری

هەژاری گرفتێكی كۆمەڵایەتیە، هەندێك لە هاوسەرەكان لە ئە نجامی نەبونی و دەستكورتی ئاژاوەو گرفت دەهێنێتە ناو خێزانەكانیانەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ناتوانن بژێوی خێزان و پێداویستیەكانی ماڵەوەیان دابین بكەن، ڕەهەندی ئابوری هۆكارێكی گرنگە بۆ بەردەوامبوون لەژیان ڕاستە ئاما نجێك نیە بەڵام مەرجە بۆ ژیانكردن، مرۆڤ پێویستی زۆری هەیە بەتایبەت ئێستا كە جۆرەها كەلوپەل و ئامێر و ئامرازی نوێ دروستكراون و بونەتە شتێكی گرنگ و پێویست كە دەبێت مرۆڤ ببێتە خاوەنیان وەك ( مۆبایل و ئەنتەرنێت و سەیارە ...هتر ) كە ئەستەمە دەستبەرداربوون لێیان.[3]

پێویستی و ئەركە داراییەكان ئێستا لەسنور خێزاندا زۆر بووە خێزانیش داهات و خەرجی هەیە ئەگەر خەرجیەكانی زیاتربوو لەداهاتی ئەوا ئەو خێزانە توشی كێشە دەبێت و دور نییە بگاتە لێكترازان، لەلایەكی ترەوە خێزان پێویستی بە

1 عومەر ئاشتی، زەقكردنەوەی جیاوازییە چینایەتییەكان، رۆژنامەی هاوڵاتی، چاپخانەی رەنج، ژمارە 384، 2008، لا6

2 احسان محمد الحسن، العائلة والقرابة والزوج، دارالطليعة للطباعة والنشر، بيروت 1981، ص72

3 هێرۆ جەمال عەبدولواحید، كۆمەڵناسی و دیاردە كۆمەڵایەتیەكان، چاپی یەكەم، 2008 سلێمانی، ل75

پاشەکەوتکردنی پارە هەیە تابتوانێت ڕووبەڕووی ئەو بارە لەناکاوانە بێتەوە کە توشی دەبێت یان بتوانێت ببێت بە خاوەنی ئۆتۆمبێلێك یا خانویەك یا هەرشتێکی تر لە پێداویستیەکانی ژیانی. هەڵوەشاندنەوەی خێزان زیاتر لەنێو ئەو توێژانە بڵاوە کە داهاتیان کەمەو باری ئابوریان خراپە بەتایبەت لەسەرەتایی ژیانی هاوسەریانەوە، واتە ئەو خێزانانەی هەژارن و باری ئابوریان لە ئاستێکی پێویستدا نییە و توانای پڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان نیەو گرفت و کێشەی زۆر ڕویان لێدەکات و هەندێك جاریش بە جیابونەوە کۆتایی بەو پەیوەندیە خێزانیەی نێوانیان دەهێنن.[1]

**4. بێکاری**

بێکاری یەکێکە لەو کێشانەی کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر جیابونەوەی نێوان هاوسەرەکان هەیە، چونکە کاتێك خێزان باری ئابوری لاواز دەبێت لەم حاڵەتەشدا هەندێك لەژنان بێ لەبەرچاوگرتنی دۆخەکە پێداویستی زۆر لە مێردەکانیان داوا دەکەن و کێشە دروست دەکەن، بەهۆی نەبونی توانای مێردەکانیان لە پڕکردنەوەی ئەو پێداویستیانەو لەئە نجامی ئەو بێکاریە کێشەی زۆر لەنێوان خێزانەکاندا دروست دەبێت بەردەوام شەڕ و ناخۆشی ڕوودەدات چونکە پیاو کاتێك توانای مادیی وەك پێویست نابێ ناتوانێت زۆرێك لە پێداویستیەکانی ماڵ و منداڵی دابین بکات.[2]

زۆرێك لە کێشەکانی خێزان بەهۆی نەبوونی خەرجی پێویستەوەیە چون کاتێك پیاو ناتوانێت هەموو داواکاریەکانی خێزان دابین بکات پێویستیەکان بە پڕنەکراوەی دەمێننەوە بەمەش کێشە لەنێوانیان دروست دەبێت و بەئاقاری جیابونەوەو هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندیەکانیان هەنگاو دەنێن.[3]

هەروەها گرنگترین هۆکار لەبەرزبونەوەی ڕێژەی جیابونەوە زۆری داواکاری خێزانە یا زیادەڕۆی لەخەرجکردندا، بەمەش ناتوانن لەبەردەم بارودۆخی نەمانی کارو پیشەدا خۆراگربن بەم دۆخە نوێیە توانایی خۆگونجاندنیان نابێت و ڕازی نابن و فشار دەخەنە سەر یەکتر و هەندێك لەو هاوسەرانەش توانایی خۆڕاگریان لاوازە و بۆ دەربازبون لەو کێشەیە پەنا دەباتە بەر جیابونەوە، زۆر کاتیش جیابونەوە لەنێوان ئەو کەسانەدا ڕوودەدات کە بژێویان کەم و سنوردارە یاخود ئەو کەسانەی کە خاوەنی کاری جێگیر نین لەژیاندا.[4]

کێشەی هەژاری یاخود کەمی داهات کە زادەی بێکاریە، ئەمیش بەهۆی ئەو داهاتەی دەستی دەکەوێت بەشی ئەوە ناکات کە پێویستیەکانی ڕۆژانەی پڕکاتەوە ئەمەش کاریگەریەکی بێچەن وچونی بەسەر پەیوەندییە خێزانیەکانەوە هەیە، چونکە بەهۆی هەژاریەوە خراپ مامەڵە لەگەڵ داهاتدا دەکرێت و ئاستی ئابوری خێزان دادەبەزێ و نەخۆشی و بەدخۆراکی دێتە ئاراوە هەروەها دەبێتە هۆی پەککەوتنی لایەنی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی.[5]

* بەڕای توێژەران ئەگەرچی ئامارێکی فەرمی نییە بۆ زانینی ژمارەی بێکار لەشاری سلێمانی بەڵام لەدوای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی زۆرێك لە کۆمپانیاکان ئیفلاس بوون و داخران و بەمەش ژمارەیەکی زۆر کارمەند و فەرمانبەر بێکاربوون،

---

1 بێدار فارس عەزیز و نیگار دلێر ئەحمەد، فاکتەرەکانی زۆربوونی هەڵوەشاندنەوەی هاوسەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك 2005، ل37

2 کەوسەر عەزیز گەلاڵی، ئافرەت و ململانێ لەگەڵ کێشە کۆمەڵایەتیەکاندا، چاپی یەکەم، شوێنی چاپی نییە، سلێمانی 2004، ل25

3 دەشتی سلێمان قادر و هەوراز حەسەن و ئەوانی تر، هۆکاری دیاردەی تەڵاق، گۆڤاری پێشکەوتن، ژمارە 154، سلێمانی 2008، ل75

4 عايدة احمد الرواجبة، العلاقة الزوجية دون مصاعب ..كيف؟ ط2، المكتبة الثقافية، بيروت 2003، ص80

5 محەمەد بن محمود، دەرونزانی کۆمەڵایەتی، و.ئارام ئەمین شوانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر 2014، ل258

ویڕای ئەوەی ماوەی زیاتر لە سێ ساڵە حکومەتی هەرێم هیچ فەرمانبەرێکی دانەمەزراندووە بەمەش لێشاوێك لـە دەرچـووی زانکۆ بێئیش و کار لە گۆشـەی ماڵـەوە گۆشـەگیرکراون هـەموو ئەمانـەش لێکەتـەی خرا پـی هەیـە بـۆ سـەر خێـزان و ژیـانی هاوسەران.

### 5. کۆچکردن

یەکێکی تر لەو گرفتانەی کە کاریگەری ڕاستەوخۆی بۆ سەر تەڵاق هەیە بریتییـە لـە کۆچـکردنی هاوسـەرەکان بـۆ دەرەوەی وڵات، کۆچکردن دیاردەیەکی تازە نییەو ڕەهەندێکی مێژووی هەیە، لاوان هەندێك جـار ئـەم ڕێگایـە هەڵدەبـژێرن ئەمـەش بەبێ گوێدان بەجێهێشتنی ژن و منداڵەکانی و بەبیانوی فەراهەم هێنـانی ژیانێکی باشتری ئابووریی وهەروەها دابینکردنـی داهاتێکی باشتر هەوڵدەدەن ڕەزامەندی خێزانەکانیان وەرگرن و ملی ڕێگەی هات و نەهات بگرنە بەر.[1]

کێشەی گەورەی کۆچکردن ئەوەیە کـە ئـەو گە نجانـەی خێزانیـان هەیـەو کـۆچ دەکـەن، هۆکـاری کۆچـەکەیان دەبێتـە هـۆی هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیری نێوانیان، زۆرینەی ئەوانەشی کۆچ دەکەن لەڕەگەزی نێرن ئەمەش دەبێتە هۆی کـەمی پیـاو و زۆربونی ئافرەت لەکۆمەڵگادا ئەمە ویڕای ئەوەی ڕێژەیەکی زۆر جیابونەوەی بەهۆی کۆچکردنی پیا و مانەوەی ژن و منداڵەوە ڕوودەدات، چون ساڵانە ڕێژەیـەکی بەرچـاو لەگـە نجان کچـانی وڵاتـی خۆیـان مارەدەکـەن و کاتێـك دەگەنـە هەنـدەران زوو پەشیمان دەبنەوەو بڕیاری جیابونەوە دەدەن.[2]

* **بەڕای توێژەران** لەدوای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی گە نجانی هەرێمی کوردستان بەلێشاو بەرەو هەندەران کۆچ دەکەن، ئەمیش بەهۆی دۆزینەوەی دەرچەیەك بۆ خرا پـی دۆخـی چەقبەسـتوی سیاسـی و ئـابوریی و کۆمەڵایـەتی، لـەنێو ئەوانـەش ڕێژەیەك لە هاوسەرەکان بوونی هەیە، بەمەش دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی گشتی کۆچکردن بۆ ئـەورو پا کاریگـەری خرا پـی لەسـەر جیابونـەوەی نێـوان ژن و مێـرد بـەجێ هێشـتووە چـونکە هەنـدەران دەبێتـە هـۆی لاوازبـوونی سـۆزو خۆشەویسـتی و پەرتەوازەبون و نغرۆبوون لـە ژیـانێکی سـەختی غـەریبی، لـەوەش خـرا پتر هـەر لەگـەڵ گەشـتنیان بـە هەنـدەران لـەبری نازهەڵگرتنی منداڵ و خێزانەکانیان بـەخێرای داوای جیابونـەوە دەکـەن. ئـەو گە نجانـەی کـە دەڕۆن ئەوانەشـی دەڕۆن بـە ڕێگەی نایاسایی دەڕۆن و لەوێش بە ئاسانی ناتوانن کـاری یاسـایی ئـە نجام بـدەن بـۆ گواسـتنەوەی هاوسـەرەکانیان ئەمـە ویڕای ئـەوەی هەنـدێك لـە پیاوەکـان کـە دەڕۆنـە ئـەوێ بـە بیـانوی وەرگـرتنی ئیقامـە ژنێکـی تـر دەهێـنن بـەبێ ئـەوەی خێزانەکانیان ئاگاداربن و ژیانێکی نوێ پێك دەهێنن و بەم کارەشیان وادەکـەن کەدەسـتبەرداری خێزانـەکنیان بـبن و لێیـان نە پرسنەوە، لەئە نجامدا دەبێتە هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی نێوانیان.

## بەشی سێیەم

### ڕێکارە میتۆدییەکان و زانیاریەکانی لایەنی مەیدانی و دەرئە نجام و ڕاسپاردە و پێشنیار

### باسی یەکەم: ڕێکارە میتۆدییەکانی توێژینەوە:

1 کنێر عەبدوللا، ژن لەبازنەیەکی داخراودا، چا پخانەی تەوار، چا پی یەکەم، سلێمانی 2005، ل27

2 محمد حسێن ئەحمەد، کۆچکردن چ کاریگەریەکی هەیە لەسەر پێکەوەنانی پرۆسەی هاوسەرگیری، ڕۆژنامـەی ئاسـۆ، ژمـارە( 630 )، سـلێمانی 2008، ل6

**یەکەم: جۆری توێژینەوە**

بەو پێیەی تایبە تمەندی توێژینەوەکە وەها دەخوازێت کە پەیوەندی نێوان هۆکار و دەرئە نجامەکان بخرێتەڕوو بۆیە توێژەران لەم توێژینەوەیەدا جۆری وەسفی شیکاریان ( الوصفی التحلیلی ) بەکارهێناوە

**دووەم: میتۆدی توێژینەوە ( منهج البحث )**

ئەم توێژینەوەیە لەو توێژینەوە وەصفیانەیە، کە گرنگی بە کۆکردنەوەی ئەو زانیاری و بابەتانە دەدات کە پەیوەندی بە توێژینەوەکەوە هەیە، بە ئاما نجی ئەوەی توێژەر وەسفێکی وردو زانستی بدات بە دەستەوە سەبارەت بەو دیاردەیەی کە لێی دەکۆڵێتەوە، بە پشت بەستن بە دەستهێنانی زانیاری پراکتیکی و شیکردنەوەیان و ڕاڤەکردنیان بەئاما نجی قوڵبونەوە و گەیشتن بەچەن ڕاستیەکی بابەتی. ئەو میتۆدەی کەلەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە بریتییە لە:

**میتۆدی ڕوپێوی نموونەیی**

بریتییە لەو میتۆدەی کە تیایدا نموونەیەك لەکۆمەڵگەی توێژینەوە وەردەگرێت و ڕوپێوی بۆ دەکرێت بەمەرجێك ئەو سامپڵەی وەرئەگیرێت بە تەواوەتی نوێنەرایەتی خەسڵەتەکانی کۆمەڵگە بکات.[1]

**سێیەم: کۆمەڵگای توێژینەوەکە**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکەبریتییە لەسەرجەم ئەو هاوسەرانەی ( ژن و مێرد ) کە لە دادگای سلێمانی گرێبەستی هاوسەرگیریان هەڵوەشاندۆتەوە لە ماوەی هەرسێ مانگی ( نیسان و مایس و حوزەیرانی 2017 )دا کە ژمارەیان ( 120 ) حاڵەت بووە.

**چوارەم: نموونەی توێژینەوەکە**

توێژەر دوای دیاریکردنی زانینی ژمارەی ئەو کەیسانەی کە بەهۆی قەیرانی داراییەوە جیابونەتەوە نموونەیەکی وەرگرت بەڕێژەی ( 25٪ ) کە بریتی بوو لە ( 30 )کەیس و لە نیویان ( 15 ) ژن و ( 15 ) مێردبوون. واتە مەبەست لە نموونەی توێژینەوەکە نموونەیەکی مەبەستدارە تەنها ئەو کەیسە هەژمارکراوانەی دادگای سلێمانی دەگرێتەوە بەژمارەش و بەحاڵەت تۆمارکراون لەماوەی ئەو سێ مانگەدا کە بەهۆی قەیرانی داراییەوە جیابونەتەوە.

**پێنجەم: سنوری توێژینەوەکە**

1. **بواری مرۆیی:** ئەو کەسانەی کە لە پرۆسەی هاوسەرگیری جیابونەتەوە بەهۆی قەیرانی داراییەوە لە دادگای سلێمانی تۆمار کراون.
2. **بواری شوێنی:** تەنها شاری سلێمانی ( مرکز المدینه )لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە بووە.
3. **بواری کاتی:** بواری کاتی توێژینەوەکە لە 1-4-2017 دەستی پێکردووەو لە 1-7-2017 کۆتایی پێ هاتووە.

**شەشەم: ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و ئامرازە ئامارییەکان**

1. فۆڕمی چاوپێکەوتن: توێژەران لەم توێژینەوەیەدا چاوپێکەوتنی کراوەیان وەك یەکێك لە ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێناوە، هەروەها پشت بەستن بە زانیاریە تۆمارکراوە فەرمیەکانی دادگای سلێمانی.*

---

1 سابیر بۆکانی، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی 2016، ل87

* لە پاشکۆی ژمارە ( 2 )دا ناوی پیسپۆڕان و تاقیکردنەوەی هەڵسەنگاندنەکە خراوەتەڕوو

2. تاقیکردنەوەی ڕاستی ڕواڵەتی و جێگیربوونی پێوەر (الصدق و الثبات)

**ا- تاقیکردنەوەی ڕاستی ڕواڵەتی**

پاش خوێندنەوەی زۆر سەرچاوە و تاوتوێکردنی ئەم بابەتە و تەواوکردنی لایەنی تیۆری توێژەران دەستیانکرد بە دارشتنی فۆرمی چاوپێکەوتن توێژینەوەکە بەرەچاوکردنی ئاما نجەکانی توێژینەوەکە، پاشان توێژەران فۆرمی چاوپێکەوتنەکەیان خستۆتە بەردەست کۆمەڵێك مامۆستای خاوەن پسپۆری جیاواز و نزیك لە بابەتی توێژینەوەکە.* بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی لەڕووی شێوازی دارشتن و ڕادەی شیاوی ئاراستەکردنی پرسیارەکان بەمەبەستی تاقیکردنەوەی ڕاستی ڕواڵەتی. دوای بینینی فۆرمی ڕا پرسی و بڕیاردانی ئەو پسپۆرانە لەدەرئە نجامدا فۆرمەکە شێوازی کۆتای وەرگرت، بەجۆرێك کە دەرئە نجام تێکرای ڕاستی پێوەری فۆرمی ڕا پرسیەکە ( 85.8٪ ) دەرچووە .

**ب- تاقیکردنەوەی جێگیربونی پێوەر**

توێژەران لەم توێژینەوەدا (30) فۆمی چاوپیکەوتنیان دابەشکردوە بەسەر (30) کەسدا، کە پێشتر دیاریکرابوون بۆ مەبەستی دیاریکردنی تاقیکردنەوەی جێگیربوونی پێوەر بەشێوازی دووبارەکردنەوە (test retest reliability) کە بریتییە لە پێدانی نمرە بۆ وەڵامی پرسیارەکان لەجاری یەکەم و جاری دووەم و پاشان دۆزینەوەی پەیوەندی نێوانیان لە ڕێگەی یاسای (سبێرمان)ەوە پەیوەندی نێوان وەڵامی پرسیارەکان لە جاری یەکەم و دووەمدا دەدۆزراوەتەوە کە نمرەکەی بریتییە لە (90٪ ) ئەوەش خستنەڕووی ئە نجامێکی بەهێزە لەنێوان جاری یەکەم و دووەمدا.

3. **ئامرازە ئامارییەکان**

بە مەبەستی پیشاندان و شرۆڤەکردن و وخستنەڕووی زانیاریەکانی نێو نمونەی توێژینەوەکە، توێژەران لێرەدا سوودیان لە هەردوو ئامرازی ئاماری وەرگرتووە، ئەوانیش بریتین لە : (ڕێژەی سەدی و یاسایی هاوکۆلکەی سبیرمان) لەگەڵ سوود وەرگرتن لە خشتەی سادە بۆ پۆلێنکردن و خستنەڕووی زانیارییەکانی ئەم توێژینەوە. بەشێوەیەکی گشتی بەم شێوەیە دەیخەینەڕوو:

ا- ڕێژە سەدییەکان : percentage ٪

(بەش / گشت) × 100

ب- جێبەجێکردنی یاسایی هاوکۆلکەی (سیبرمان)=

$$ر = 1 - \frac{6 \text{ مجـ ر}^2 \text{ ف}}{\text{ن (ن}^2-1)}$$

---

* لە پاشکۆی ژمارە (3)دا فۆڕمی چاوپێکەوتنی تایبەت بە لێتوێژراوان و خراوەتەڕوو

**باسی دووەم: خشتەی ژمێریاری و خستنەڕووی شیکردنەوەی داتاکان**

**یەکەم: زانیارییە گشتیەکانی نموونەی توێژینەوەکە**

**خشتەی ( 1 ): ڕەگەزی لێتوێژراوان ڕووندەکاتەوە**

| ڕەگەز | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| نێر | 15 | 50٪ |
| مێ | 15 | 50٪ |
| کۆی گشتی | 30 | 100٪ |

لەخشتەی ژمارە ( 5 ) دا دەردەکەوێت لێتوێژراوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێن، بەشێوازێك نێر ( 15 ) و لە ( 50٪ )ی لێتوێژراوانی توێژینەوەکە پێك دێنن و ڕەگەزی مێش بەهەمان شێوە ( 15 ) و لە ( 50٪ )ی لێتوێژراوانی توێژینەوەکە پێکدێنن، ئەم ( 30 ) کەیسەش بەیەکسانی لە هەردوو ڕەگەزی جیاواز و وەك نمونەی توێژینەوەکە وەرگیراون.

**خشتەی ( 2 ): تەمەنی لێتوێژراوان ڕووندەکاتەوە**

| تەمەن | دووبارەبوەکان | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| 26 – 30 | 12 | 40٪ |
| 31 – 35 | 9 | 30٪ |
| 36 – 40 | 9 | 30٪ |
| 41 – 45 | 0 | 0٪ |
| کۆی گشتی | 30 | 100٪ |

ئەوەی لەخشتەی ژمارە ( 2 )دا تێبینی دەکرێت و جێگای سەرنجە ناوەندی تەمەنی ( 25 - 30 )ساڵییە، کە ژمارەکەی ( 12 )و بەڕێژەی ( 40٪ )، ئەم ناوەندی تەمەنەش تەمەنی لاوێتیە ، بەڵام وەك دەردەکەوێت ئەوانە جیابونەتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە زۆرینەی ئەوانەی جیابونەتەوە لە تەمەن گە نجن و لەوانیش گرنگتر ماوەی هاوسەرگیریان کەمتر بووە لە 5 ساڵ، مانایەکی تریشی ئەوەیە کە گە نجان لە تەمەنێکی لاوی و پێش کامڵبوونی ژیریان ژیانی هاوسەری پێك دێنن، دوابەدوای ئەوەش ئەرك و کاریان زۆر دەبێت بەمەش توانایی ڕا پەڕاندنی ئەو ئەرکانەیان نابێت ناچار پەنا دەبەنە بەر جیابونەوە. کەواتە دەتوانین بڵێین جیابونەوە بە یەکێکە لە کێشە کۆمەڵایەتیەکان دادەنرێت و لەهەموو کۆمەڵگەکاندا بونی هەیە و هەموو تەمەناکانیش دەگرێتەوە و تایبەت نییە بە تەمەنێکی دیاری کراو.

**خشتەی ( 3 ): جۆری نیشتەجێبوونی لێتوێژراوان ڕووندەکاتەوە**

| جۆری نیشتەجێبوون | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| موڵك ( خانووی خۆی ) | 3 | 10٪ |
| کرێچی | 12 | 40٪ |
|ماڵەباوان | 15 | 50٪ |
| کۆی گشتی | 30 | 100٪ |

ئەوەی لە خشتەی ( 3 )دا بەدی دەکرێت لە 40٪ لێتوێژراوان لە خانوی کرێدا ژیان بەسەر دەبەن و هەروەها لە ( 50٪ )ی لێتوێژراوان پێشتر کرێچی بوو بەڵام دوای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و گرانی نرخی کرێی خانوو شوێنی نیشتەجێبوونیان گۆڕیوەو گەڕاونەتەوە بۆ ماڵی باوکیان لەکاتێکدا بەشێك لەوانە پێش قەیرانی دارایی لە خانوی کرێ و سەربەخۆدا ژیاون. ئەمەش کێشەی گەورەی بۆ دروستکردون، وە هەر لەم خشتەیەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە تەنها سێ کەس لە لێتوێژراوان خانوی خۆی هەیە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە نەبونی شوێنی نیشتەجێ بوون کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر جیابونەوەی هاوسەران.

خشتەی ( 4 ): ساڵی هاوسەرگیری لێتوێژراوان ڕووندەکاتەوە

| ساڵی هاوسەرگیری | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| 2006 – 2009 | 6 | ٪20 |
| 2010 – 2013 | 12 | ٪40 |
| 2014 – 2017 | 12 | ٪40 |
| کۆی گشتی | 30 | ٪100 |

لەخشتەی ( 4 )دا دەردەکەوێت زۆرینەی لێتوێژراوان پێش قەیرانی دارایی بەماوەیەکی کەم یا دوایی قەیرانی دارایی پرۆسەی هاوسەرگیریان ئە نجامداوە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە ماوەی هاوسەرگیریان کەم بووە. ئەوانەی کە دوایی قەیران ژیانی هاوسەریان پێك هێناوە ئەمە وێڕای کەمبونەوەی موچەکانیان هەروەها بێکاربونی بەشێکیان، وە سودمەندیش نەبون لە هیچ پێشینەیەکی هاوسەرگیری کە پێشتر دەدرا بەو خێزانانەی کە پرۆسەی هاوسەرگیریان ئەنجام دەدا. وە بەهۆی ئەوەی لەساڵانی ( 2011 تا 2014 ) باروگوزەرانی خەڵکی هەرێمی کوردستان باش بوو زۆرێك لە خێزانەکان پێش هاوسەرگیری یا ڕاستەوخۆ دوای هاوسەرگیری سەرجەم کەلوپەلی نێوماڵ و سەیارەو زۆر پێداویستی تریان بە قەرز ئەهێنا لە ئێستادا دوچاری گرفت بونەتەوە لەوەی کە ناتوانن لە کاتی خۆیداو قەرزەکانیان بدەنەوە بەهۆی ئەمەشەوە گرفت دروست بووە لە پەیوەندی نێوان هاوسەراندا.

خشتەی ( 5 ): ژمارەی ئەندامانی خێزانی لێتوێژراوان ڕووندەکاتەوە

| ژمارەی ئەندامانی خێزان | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| 2 – 3 | 20 | ٪66.66 |
| 4 – 5 | 10 | ٪33.33 |
| 6 – 7 | 0 | ٪0 |
| کۆی گشتی | 30 | ٪99.99 |

لەخشتەی ژمارە ( 5 )دا دەردەکەوێت زۆرێك لەو خێزانانەی کە جیابونەتەوە ژمارەیان کەمە و بەجۆرێك ( 20 ) کەسیان کە دەکاتە ڕێژەی ( 66.66٪ ) ژمارەیان لە نێوان 2 بۆ 3 کەسدایە، هەروەها ( 10 )کەس و بەڕێژەی ( 33.33٪ ) لە لێتوێژراوان ژمارەی ئەندامانی خێزانیان پێکدێت لە نێوان ( 4-5 ) کەسدان. بەڵام زۆرێك لە لێتوێژراوەان پێش ئەوەی ژیانی هاوسەری پێکەوە بنێن لە خێزانی فراوان لە دایك بوونەو وە بەشێکی تریشیان تا هەنوکە لەگەڵ خێزانەکانیان

دەژین کە ئەوانیش خێزانی فراوانن و بەمەش گرفتی دروست کردووە لە نێوانیاندا چونکە زۆری ژمارەی خێزان و پێکەوە ژیانیان لە تەنها ماڵێکدا زۆرجار گرفتی خێزانی دروست دەکات.

**خشتەی ( 6 ): داهاتی پێش قەیرانی دارایی لێتوێژراوان ڕووندەکاتەوە**

| داهات | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| زۆرباش | 3 | ٪10 |
| باش | 20 | ٪66.66 |
| مام ناوەند | 7 | ٪23.33 |
| خراپ | 0 | ٪0 |
| کۆی گشتی | 30 | ٪99.99 |

لەخشتەی ژمارە ( 6 )دا دەردەکەوێت کە زۆرینەی لێتوێژراوان داهاتی مانگانەیان لە پێش قەیرانی دارایی باش بووە کە ئەمەش ژمارەکەی ( 20 )و بەڕێژەی ( ٪66.66 )یە، هەروەها ڕێژەی ( ٪23.33 ) لێتوێژراوان داهاتی مانگانەیان مام ناوەند بووە و وە ڕێژەی ( ٪10 )ی لێتوێژراوانیش زۆرباش بووە. ئەمەش بەهۆی ئەوەی بەشیك لەوانەی کە فەرمانبەربوونە مووچەی مانگانەیان پاشەکەوتی لێ نەکراوە و بەشی خەرجی مانگانەی کردوون. وە ئەوانەشی کە فەرمانبەر نەبونەو کاسب بونە بەهەمان شێوە پێش قەیران کارەکانیان باشتر بووەو مانگانە تاڕادەیەکی باش داهاتیان دەست کەوتووە بەبەراورد بە دوای قەیران.

**خشتەی ( 7 ): داهاتی دوای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی لێتوێژراوان ڕووندەکاتەوە**

| داهات | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| زۆرباش | 0 | ٪0 |
| باش | 0 | ٪0 |
| مام ناوەند | 7 | ٪23.33 |
| خراپ | 23 | ٪76.66 |
| کۆی گشتی | 30 | ٪99.99 |

وەك لەخشتەی ( 7 )دا دەردەکەوێت زۆرینەی لێتوێژراوان کە ژمارەیان ( 23 )و بەڕێژەی ( ٪76.66 )یە، ئەو داهاتەی کە مانگانە لە دوای قەیرانی دارایی دەستیان کەوتووە کەمەو بەشی بژێوی خێزانەکانیان ناکا، چونکە ئەوانەی کە فەرمانبەرن مووچەکانیان پاشەکەوت کراوە لە ئێستایە تەنها چارەکێك لە مووچەی جاران وەردەگرن وە کاتێك فەرمانبەریش پارەی داهاتەکەی کەم بێتەوە بێگومان کاریگەری دەبێت بۆ سەر بازاڕ و بەتایبەت ئەو کەسانەی کە کەسابەت دەکەن و داهاتی ئەوانیش وەك جاران نابێت و گۆڕانکاری بەسەردا دێت. وە ( 7 ) لە لێتوێژراوان بەڕێژەی ( ٪23.33 ) ئەو داهاتەی وەریدەگرن بەشی کەمینەیەك لە پێداویستیە سەرەتاییەکانیان دەکات. ئەمە سەرەڕای ئەوەی وەك لە خشتیەی ژمارە ( 3 )دا دەرکەوتووە زۆرینەی لێتوێژراوان کێشەی شوێنی نیشتەجێبوونیان هەبووە، کەواتە دەتوانین بڵێین کەمبونەوەی داهاتی خێزانەکان و نەبونی شوێنی نیشتەجێبوون و بێکاری فاکتەری سەرەکین بۆ جیابونەوەی نێوان هاوسەرەکان.

خشتەی (8): پیشەی لێتوێژراوان ڕووندەکاتەوە

| پیشە | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| کاسب | 9 | ٪30 |
| بێکار | 12 | ٪40 |
| فەرمانبەر | 9 | ٪30 |
| کۆی گشتی | 30 | ٪100 |

ئەوەی لە خشتەی (8)دا زیاتر بەرچاو دەکەوێت پیشەی (بێکار)ە کە زۆرینەی لێتوێژراوانەو ژمارەیان (12)و بەڕێژەی (٪40)، وە ئەوانەشی کە پیشەیان کاسبە بەڕێژەی (٪30) لێتوێژراوان پێك دێنن، بەشەکەی تریش فەرمانبەرن کە ئەوانیش بەڕێژەی (٪30) لێتوێژراوانی توێژینەوەکە پێك دێنن. گومان لەوەشدا نییە کە پیشە وەك ڕەهەندێکی ئابوری خێزان کاریگەری دەبێت لەسەر پەیوەندی نێوان هاوسەران.

خشتەی (9): ئاستی خوێندنی لێتوێژراوان ڕووندەکاتەوە

| ئاستی خوێندن | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | 3 | ٪10 |
| سەرەتایی | 9 | ٪30 |
| ناوەندی | 3 | ٪10 |
| ئامادەیی | 3 | ٪10 |
| زانکۆ | 3 | ٪10 |
| پەیمانگا | 9 | ٪30 |
| کۆی گشتی | 30 | ٪100 |

ئەگەر لە خشتەی ژمارە (9) بڕوانین دەبینین کۆی ئەو لێتوێژراوانەی کە ئاستی زانستیان لە نێوان نەخوێندەوار تا ناوەندییە ژمارەیان (15)و بەڕێژەی (٪50)یە کە دەکاتە نیوەی لێتوێژراوان کە ژمارەیان (30)کەسە. وە لەبەرامبەریشدا ئەوانەی بڕوانامەیان ئامادەیی و پەیمانگا و زانکۆیە بەهەمان شێوە (15) کەسن و ڕێژەی (٪50)ی لێتوێژراوان پێکدێنن. لێرەدا دەتوانین بڵێین ئاستی زانستی هۆکارێك نییە بۆ جیابونەوەی هاوسەران چون توێژەران هەموو ئاستە زانستیەکانیان وەرگرتووە، لە دەرەنجامیشدا دەرکەوتووە کە جیابونەوە لە نێوان هەموو ئاستەکان هەیە و تایبەت نییە بە ئاستێکی دیاریکراو.

**دووەم: زانیارییە تایبەتییەکانی توێژینەوەکە:**

خشتەی (10): کاریگەری قەیرانی دارایی لەسەر پێداویستییە سەرەتاییەکانی لێتوێژراوان ڕووندەکاتەوە

| قەیرانی دارایی کاریگەری کردۆتە سەر پێداویستیە سەرەتاییەکانتان؟ | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | 18 | ٪60 |
| نەخێر | 12 | ٪40 |
| کۆی گشتی | 30 | ٪100 |

ئەگەر بڕوانینە ناوەڕۆكی خشتەی ژمارە (10) دەبینین كە زۆرینەی لێتوێژراوان (18)و بەڕێژەی (60٪) وەڵامیان داوەتەوە كە قەیرانی دارایی كاریگەری كردۆتە سەر پێداویستیە سەرەتاییەكانیان بەشێوازێك كە ناتوانن سادەترین پێداویستییەكانیان دابین بكەن، ئەمەش ئەوە دەردەخات كە قەیرانی دارایی لە كوردستان كاریگەری خراپی كردۆتە سەر فەرمانبەران و پیشەوەران بە تایبەت چینی خوارەوە كە تەنانەت توانای دابینكردنی پێداویستیە سەرەتاییەكانیان نییە.

خشتەی (11): كاریگەری قەیرانی دارایی لەسەر گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوونی لێتوێژراوان ڕووندەكاتەوە

| ڕێژەی سەدی ٪ | دووبارەبووەكان | قەیرانی دارایی كاریگەری هەبووە لە گۆڕینی شوێنی نیشتەجێ بوونتان؟ |
|---|---|---|
| ٪60 | 18 | بەڵێ |
| ٪40 | 12 | نەخێر |
| ٪100 | 30 | كۆی گشتی |

ئەگەرسەیری خشتەی (11) بكەین بۆمان دەردەكەوێت كە زۆرینەی لێتوێژراوان (18)و بەڕێژەی (60٪) قەیرانی دارایی كاریگەری كردۆتە سەر گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوونیان، وەك لە هەندێك لە كەیسەكانی بەئاشكرا هەست بەوە دەكرێت كە پێشتر لە خانوی سەربەخۆدا ژیاون وەلێ لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و كەمبونەوەی كار وكاسبی و سە پاندنی سیستمی پاشەكەوتی مووچە بڕیارپانداوە بگەڕێنەوە بۆ ماڵی باوكیان، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە كە لێتوێژراوان بەخواستی خۆیان ئەو بڕیارەیان نەداوە بەڵكو بەهۆی دابین نەبونی كرێی خانوو بەناچاری ماڵە باوانیان هەڵبژاردووە، وێڕای قەیرانی دارایی بەڵام كرێی خانوو هێشتا هەر وەكو جارانە. وە لە هەندێك كەیسی تردا بە ئاشكرا هەست بەوە دەكرێت قەیرانی دارایی وایلێكردون كە شاری سلێمانی بەجێبهێڵن و بگەڕینەوە بۆ ئەو ناحیەو شار و شارۆچكانەی كە پێشتر لێی ژیاون.

خشتەی (12): كاریگەری قەیرانی دارایی لەسەر كەمبونەوەی داهاتی مانگانەی لێتوێژراوان ڕووندەكاتەوە

| ڕێژەی سەدی ٪ | دووبارەبووەكان | قەیرانی دارایی كاریگەری هەبووە لەسەر كەمبونەوەی داهاتی مانگانەتان؟ |
|---|---|---|
| ٪90 | 27 | بەڵێ |
| ٪10 | 3 | نەخێر |
| ٪100 | 30 | كۆی گشتی |

ئەگەر لە خشتەی ژمارە (12) بڕوانین دەبینین زۆرینەیەكی ڕەهایی لێتوێژراوەكان قەیرانی دارایی كاریگەری كردۆتە سەر كەمبونەوەی داهاتیان ئەمەش بەهۆی ئەوەی بەشێكیان فەرمانبەرن و مووچەكەیان پاشەكەوت كراوەو بەشێكی تریان كاسبن و كاتێكیش مووچەخۆر داهاتی مانگانەی كەم بێت بێگومان كاریگەری دەكاتە سەر خەرجیەكانیان و بەمەش داهاتی كاسبەكانیش وەك پێویست نابێت جگە لە (3) كەیس نەبێت كە هاوسەرەكانیان فەرمانبەری سەربازین و داهاتی مانگانەیان كەم نەكراوەتەوە ئەویش بەهۆی ئەوەی سیستمی پاشەكەوتی مووچە فەرمانبەرانی سەربازی ناگرێتەوە.

خشتەی ( 13 ): کاریگەری قەیرانی دارایی لەسەر قەرزاربونی لێتوێژراوان ڕووندەکاتەوە

| قەیرانی دارایی بۆتە هۆی قەرزاربونتان؟ | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | 15 | ٪50 |
| نەخێر | 15 | ٪50 |
| کۆی گشتی | 30 | ٪100 |

لەخشتەی ( 13 )دا 15 کەس و بەڕێژەی 50٪ لێتوێژراوان وەڵامیان داوەتەوە کە قەیرانی دارایی کاریگەری نەرێنی کردۆتە سەر لایەنی ئابوریان و بەناچاری داوای قەرزیان لە هاوڕێ و دۆستانیان کردووە. ئەمەش مانایی ئەوە نییە ئەوانی تر گوزەرانیان باش بوبێت و قەرزارنەبوبن بەڵکو بەشێکیان بەهوێ ئەوەی کە لەلایەن برا یاخود باوکیانەوە هاوکاری دەکرێن ئەمەش وایکردووە ناچار نەبن داوای قەرز لە کەسانی تر بکەن.

خشتەی ( 14 ): کاریگەری قەیرانی دارایی لەسەر بێکاری لێتوێژراوان ڕووندەکاتەوە

| قەیرانی دارایی بۆتە هویٚ بێکاربونت؟ | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | 12 | ٪40 |
| نەخێر | 18 | ٪60 |
| کۆی گشتی | 30 | ٪100 |

لە خشتەی ( 14 )دا 12 کەس بەڕێژەی 40٪ بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە کە قەیرانی دارایی بۆتە هۆی بێکاربونیان، وە هەندێکی تریان بەهۆی قەیرانی داراییەوە مێردەکانیان بێکاربوون. ئەوانەشی کە پیشەیان کاسبە باس لەوە دەکەن کە لە دوای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی وەك جاران کاریان دەست ناکەوێت. بەمەش لێکەوتی ئابوری خراپی کردۆتە سەر ژیانیان و بارگرانی خستۆتە سەر شانیان. بێکاریش بە یەکێك لە فاکتەرە بەهێزەکانی جیابونەوەی نێوان هاوسەرەکان دادەنرێت.

خشتەی ( 15 ): کاریگەری قەیرانی دارایی لەسەر خەرجی لێتوێژراوان ڕووندەکاتەوە

| قەیرانی دارایی کاریگەری کردۆتە سەر خەرجی ڕۆژانەتان؟ | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | 30 | ٪100 |
| نەخێر | 0 | ٪0 |
| کۆی گشتی | 30 | ٪100 |

ئەوەی لە خشتەی ( 15 )دا تێبینی دەکرێت سەرجەم لێتوێژراوان کە دەکاتە ( 30 ) لێتوێژراو و بەڕێژەی ( 100٪ )، قەیرانی دارایی کاریگەری کردۆتە سەر خەرجیەکانیان بەشێوەیەك خێزانەکان بەهۆی ئەم بارە تایبەتیەوە کە ڕووبەڕووی کوردستان بۆتەوە خەرجیەکانیان کەمکردۆتەوە بۆ ئەمەش ناچاربوونە واز لە هەندێك پێداویستی خودی ( زاتی ) بهێنن و لەبەرامبەر دابینکردنی خەرجی منداڵەکانیاندا.

خشتەی ( 16 ): كاریگەری قەیرانی دارایی لەسەر كوالیتی ژیانی لێتوێژراوان ڕووندەكاتەوە

| قەیرانی دارایی كاریگەری هەبووە لەسەر كوالیتی ژیانتان؟ | دووبارەبووەكان | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | 30 | ٪100 |
| نەخێر | 0 | ٪0 |
| كۆی گشتی | 30 | ٪100 |

ئەگەر تێبینی خشتەی ژمارە ( 16 ) بكەین كۆی لێتوێژراوان كە ژمارەیان ( 30 ) لێتوێژراوە قەیرانی دارایی كاریگەری كردۆتە سەر كوالیتی ژیانیان ئەمیش بەهۆی ئەوەی بەشێكیان موچەخۆرن و ژیانیان ستاندارد كردبوو لەسەر ئەو موچەیەی كە مانگانە وەریاندەگرت، وەلێ دوای كەمكردنەوەی مووچەكانیان ئێستا ژیانیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، وە ئەوانەشی كە پیشەیان كاسب بووە بە هەمان شێوە گۆڕان بەسەر ستایلی ژیانیاندا هاتووە ئەمیش بەهۆی ئەو پەیوەندیە ڕاستەوخۆیەی كە لەنێوان مووچە و دەستی كار و پیشەدا هەیە.

خشتەی ( 17 ): كاریگەری قەیرانی دارایی لەسەر كۆچكردنی لێتوێژراوان ڕووندەكاتەوە

| دوایی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی بیرت لە كۆچكردن كردۆتەوە؟ | دووبارەبووەكان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 23 | ٪76.66 |
| نەخێر | 7 | ٪23.33 |
| كۆی گشتی | 30 | ٪99.99 |

لە خشتەی ( 17 )دا بۆمان دەردەكەوێت كە كەمینەیەك لە لێتوێژراوان كە ئەویش ( 7 ) كەس و بەڕێژەی ( ٪23.33 ) بەهۆی لێكەوتەی قەیرانی دارایی و بێكاری و پاشەكەوتی مووچەكانیانەوە كۆچ دەكەن بۆ دەرەوەی وڵات ئەمەش بەمەبەستی دەست كەوتنی كار و فەراهەمهێنان و باشكردنی گوزەرانی ژیانی خۆیان و خێزانەكانیان، لەبەرامبەریشدا زۆرینەیەك كە ( 23 ) لێتوێژراون و بەڕێژەی ( ٪80 ) وێرای ئەوەی قەیرانی دارایی لێكەتەی زۆری هەیە لەسەریان بەڵام بەهۆی نەبونی گەرەنتی ڕێگا و دابین نەبونی بڕە پارەی پێویست بو گەشتن بە هەندەران بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە.

**خستنەڕووی بەشێك لە چاوپێكەوتنەكانی تایبەت بە لێتوێژراوانی ناو توێژینەكە:**

**Case study (1)**

( س.ق.م ) ژنێكی تەمەن 30 ساڵە، خەڵكی شارۆچكەیەكی سەر بە پارێزگای سلێمانیە، لە خێزانێكی فراوانەو پێكهاتون لە باوك و دایك و سێ خوشك و دوبرا، تا پۆلی پێنجی ئامادەیی خوێندووە، ئێستا هیچ كار و مووچەیەكی نیە، پێشتر لەكۆمپانیای مێردەكەی كاری كردووە، ساڵی 2013 هاوسەرگیری كردووە لەگەڵ پیاوێكی تەمەن 35 ساڵ، كچێكی لێی هەیە، مێردەكەی ئامادەیی پیشەی تەواو كردووە، باری بژێویان پێشتر باش بووە خانوی خۆیان هەبووە بەڵام ئێستا لە یەكێك لە گەرەكە هەژارنشینەكانی شاری سلێمانی كرێچین.

ژنەكە باسی لەوەكرد پیاوەكەی پێش قەیران كۆمپانیایەكی هاوردەكردنی كرێكاری بیانی بۆ ماڵان هەبووە، ئێستا ئیفلاسی كردووە و پارەیەكی زۆری قەرزی هاتۆتە سەر ئەمەش وایكردووە كە خاوەن قەرزەكان هەموو ڕۆژ بێنە سەریان و بێزاریان كەن بەهۆی ئەوەشەوە ماڵی گواستۆتەوە بۆ دەرەوەی شار. ژنەكە باسی لەوەشكرد كە ئەو ماڵەی كە ئێستا تیای نیشتەجێن

هیچ مەرجێکی خانووی تێدا نیە، لە کاتێکدا کە خۆیان خانوی موڵکیان هەیە بەهۆی نیشتەجێبونی ماڵی برای پیاوەکەی ناتوانن بگەرینەوە ناوی هەروەها باسی لەوەشکرد قەیرانی دارایی بەشێوازێك کاریگەری خرا پی کردۆتە سەر پیاوەکەی کە ناتوانێ پێداویستیە سەرەتاییەکانی ماڵەوە دابین بکات.

لەکۆتایدا ژنەکە وتی پیاوەکە بەڵێنی دابوو کە هەموو قەرزەکانی بداتەوە و براکەی رازی بکات خانوەکەی چۆڵ بکات بەڵام هیچ لە بەڵیەنەکانی نەبردە سەر، براکەشی دەڵی پارەم قەرزارە تا پارەکەم نەداتەوە دەرناچم لە خانوەکە. بەمەش دۆخی ئابوری و نەبونی و خرا پی شوێنی نیشتەجێ بوون کاریگەری خرا پی کردۆتە سەر پەیوەندی نێوانیان، لەبەر ئەو هۆکارانەش ژن و پیاوەکە لە ئێستایە جیابونەتەوە.

## Case study (2)

(س.ل.ك) ئافرەتێکی تەمەن 40 ساڵە، لەدایك بووی گوندێکی نزیك لە سلێمانیە، تەنها دوو ساڵ لە خوێندنگە بووە، دانەمەزراوەو ژنی ماڵەوەیە، دوای شوکردن ماڵەکەیان دەگوازنەوە بۆ یەکێك لەگەرەکەکانی شاری سلێمانی، لەساڵی 2006 هاوسەرگیری کردووە لەگەڵ پیاوێکی هاوگوندی و ناسیاوی خۆیان.

ئافرەتەکە باسی لەوەکرد هەرچەندە پیاوەکە کارمەندی ئاسایشە و مووچەکەی باشە بەڵام خانویان بۆ ناکرێ و لەخانوی کرێدا نیشتەجێی کردوون و ماوەیەکیشە کرێی خانوەکەیان نادات، باسی لەوەشکرد پیاوەکەی هیچ هاوکاریان ناکات و بۆ دابینکردنی پێداویستی رۆژانەی خۆی و منداڵەکانی پەنا بۆ براکانی دەبات، سێ کچی هەیەو تەمەنیان لەنێوان (10و 8 و 6) ساڵیدان، هەرسێکیان خوێندکارن پیاوەکە خەرجی خوێندنی ئەم منداڵانەش نادت و بەمەش قورسایەکی زۆری خستۆتە سەر شانی ژنەکە، لەگەل ئەوەشدا پیاوەکە مەشروب خۆرە بەمەش زیانی زۆری مادی و کۆمەڵایەتی و دەرونی بە ژنەکە گەیاندووە ، لەمانگی 8ی 2015 پیاوەکە نەهاتۆتەوە ماڵەوەو لەو کاتەشەوە خەرجی ژنەکەی نەداوە تەنانەت نازانن لەکوێشە.

ئافرەتەکە لەکۆتایدا باسی لەوەکرد بەهۆی پشتگوێ خستنی خۆی و منداڵەکانی، وە پێنەدانی هیچ لەخەرجیەکیانی رۆژانەیان توشی گرفتی ئابوری کردوون، ئەمەش کاریگەری کردۆتە سەر ژیانیان و ناتوانن پێداویستیە سەرەتاییەکانیان دابین بکەن، وەك ژنەکە وتی ئەگەر براکانی هاوکاری نەکەن ئەوا لەبرسا دەمرن، پیاوەکە وێرای ئەوەی کرێی خانوی نەداوە بە خاوەن ماڵەکەشی وتووە برۆ شمەکی ماڵەکە بفرۆشەو پارەی خانوەکەی لێ ببە، پێنەدانی خەرجی ماڵ و منداڵ و کرێی خانوو و نەبونی شوێنی نیشتەجێ بوون لە گرنگترین ئەو هۆکارانەن کە بووە بە هۆکاری جیابونەوەیان.

## Case study (3)

(ك.م.ف) ئافرەتێکی تەمەن 38 ساڵە و لەدایکبوی سلێمانیە، دەرچووی پەیمانگایە، فەرمانبەرە لەیەکێك لە فەرمانگەکانی شاری سلێمانی، لەساڵی 2009 هاوسەرگیری کردووە، پیاوەکەی خوێندەواریەکی وای نیە، تەنها یەك منداڵیان هەیە، کێشەی گەورەی نێوانیان ئابورییە هەر لەبەر ئەو هۆیەش داوای جیابونەوەیان کردووە.

مێردەکەی لەسەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانی داراییەوە بە دیاریکراوی ماوەی سێ ساڵە بێکارە پێشتر شاگرد بووە لە یەکێك لە ریستۆرانتەکان، ژنەکە پێشتر مووچەکەی (750) هەزار دینار بووە ئێستا لەو برە پارەیە تەنها چارەکێکی وەردەگرێ و

بەشی پڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان ناکات، ئەمە وێڕای ئەوەی کرێچین و مانگانە بڕی 250 هەزار بە کرێ دەدەن. ژنەکە باسی لەوەکرد کە پیاوەکەی هیچ هەوڵێك نادات بۆ دۆزینەوەی کار ڕاستە پێشتر زۆرجار بێکار بووە بەڵام لەبەر ئەوەی موچەی تەواوی وەردەگرت تاڕادەیەکی باش بەشی پێداویستیەکانی دەکردن، بەڵام لە ئێستایە چارەکێك مووچە بەشی گوزەرانی ژیان ناکات و مێردەکەشم بێکارە.

وەك ژنەکە باسی کرد بەهۆی ئەو هۆکارانەی سەرەوە نێوانیان تەواو خراپ بووەو جیابونەتەوە، وتیشی ڕاستە موچەکەم کەمە بەڵام هیچ نەبێ بەشی خۆم و منداڵەکەم دەکات کە لە ماڵی باوکم بێ کێشە بژیم. لەکۆتایدا ئافرەتەکە باسی لەوە کرد پیاوەکەی بەردەوام قەرزارە و زۆرجاریش قەرزم بۆ داوەتەوە، هەربۆیە کاتێك پیاو نەتوانێ ڕۆڵی خۆی وەك بەرپرسی یەکەم و سەرداری ماڵ بگێڕێ جیابونەوە باشترین چارەسەرە. کەمی مووچە و بێکاری و قەرزاری و کەمتەرخەمی پیاوەکە لەدابینکردنی پێداویستیەکانی ماڵەوەیان هۆکاری سەرەکین بۆ جیابونەوەیان. قەیران وا کاریگەری خراپی کردۆتە سەریان کە نەتوانن پێداوستیە سەرەتاییەکانیان ماڵەوەیان دابینکەن.

## Case Study (4)

(ا.م.ی) ژنێکی تەمەن 35 ساڵەو خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە، زانکۆی تەواو کردووە بەڵام دانەمەزراوە، لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە بۆ کارکردن لە یەکێك لە کۆمپانیا ئێرانیەکان هاتۆتە سلێمانی، ئێستا نیشتەجێی ئەو شارەیە ، لەمێری یەکەمی جیابۆتەوە، لەساڵی 2012 شوی کردۆتەوە بە کوڕێك کە خەڵکی سلێمانیە و کاسب بووە، لە ئێستایە دوو منداڵیان هەیە.

وەك ژنەکە دەیگوت دوای چەند ساڵ دەرد و ڕەنج و بێشوناسی ژیانی هاوبەشی خۆی بە بێوەژنی لە نالەبارترین بارودۆخی ژیانی کۆمەڵگادا گوزەراندووە. هاوسەرگیری کردۆتەوە بە ئومێدی ئەوەی گوزەرانی باش بێ ئەگەرچی لەسەرەتاوە لەمێردەکەی ڕازی بووە بەڵام دوای بێکاربوونی پیاوەکەی هەڵسوکەوتی بەتەواوی گۆڕاوە لەگەڵی و لەسەر بچوکترین داواکاری بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ڕۆژانەیان گەورەترین کێشەی بۆ دروست کردووە.

ژنەکە باسی لەوەکرد لەسەرەتایی ژیانی هاوبەشییەوە هیچ کێشەیەکیان نەبووەو پیاوەکە هەموو پێداویستیەکانی بۆ دابین کردون وەلێ دوای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی کێشەی ئێمەش دەستی پێکرد بەشێوازێك هەموو مافە تاکە کە سیەکانی لێگرتمەوە و هیچ هاوکاریەکی نەکردوین و دەیان جار بۆ دابینکردنی کەمترین پێداویستی ژیان، دەبوایە لەدۆستانم پارە قەرزبکەم.

ژنەکە لەکۆتایشدا باسی لەوەکرد وێڕای ئەوەی پیاوەکەم هیچ مەسروفێکم ناکات ڕێگەشم نادا کار بکەم و هەرچیشم کۆکردبووە پێشتر پیاوەکەم دابوی بە خانویەك و کردبووی بە ناوی خوشکێکیەوە ئێستا لە خانوی کرێداین و هیچ مافێکی ئەو خانووەم نەماوە چەندین جاریش سکاڵام کرد بەڵام بێ ئە نجام بوو.

لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە کاریگەری هەبووە لەسەر جیابنەوە بریتییە لە لێگرتنەوەی خەرجی ڕۆژانەو پێنەدانی هیچ لە پێداویستیەکانی ژن و منداڵەکە و هەروەها زەوتکردنی مافی ژنەکە بووە لەلایەن هاوسەرەکەیەوە. ژنەکە وتیشی هەموو

ئەمانەو هەڵسوکەوتی ئەم دواییەی پیاوەکە دەرفەتێکی بۆ بەخشین و لێبوردنی نەهێشتەوە و ناچاربووم ڕوو بکەمە دادگا و جیابینەوە.

## Case study (5)

(ل.س.م) ژنێکی تەمەن 29 ساڵە، لە یەکێك لە گەڕەکەکانی شاری سلێمانی نیشتەجێن، دەرچووی پەیمانگایە و دانەمەزراوە بەڵام لە یەکێك لە مارکێتەکانی شاری سلێمانی کار دەکات بە مانگانەی (450) هەزار، دوو منداڵی هەیە، لە خێزانێکی مام ناوەند لەدایك بووە، براو خوشکێکی هەیە، باوکی خانەنشینی مامۆستایەو دایکیشی ژنی ماڵەوەیە، لەساڵی 2014 هاوسەرگیری کردووە لەگەڵ پیاوێکی تەمەن 38 ساڵدا، پیشەی مامۆستایە، لەقاتی سەرەوەی ماڵی باوکی پیاوەکە دەژین کە پێکهاتون لە دایك و باوك و خوشك و برایەك، پیاوەکەی دوای سەپاندنی سیستمی پاشەکەوتی مووچە وازی لە کاری مامۆستایەتی هێناوەو بەڕێگای نایاسایی بەرەو سنورەکانی هەندەران کۆچیکردووە بەبیانوی باشکردنی گوزەرانی ژیانیان و خۆشبەختکردنیان، ئەمەش بەبێ پرس و ڕەزامەندی کچەکەو کەسوکارەکەی بووە.

ئافرەتەکە باسی لەوەکرد لە ئێستادا پیاوەکە گوزەرانی ژیانی لە جاران خراپتر بووە و هەم خۆشی و هەم ئێمەشی سەرگەردان کردووەو جارجار ماڵی باوکی هاوکاری بۆ دەنێرن و ناتوانێ ئێمەش ببات چونکە تازە گەشتۆتە ئەوێ و هیچ مامەڵەیەکی یاسای نیە، وە لەڕوی مادەشەوە ئەو توانایەی نیە، لەبەر ئەوەی ماڵی باوکی کوڕەکە وەك جاران مامەڵەیان لەگەڵ ناکەن و دوای پێنج مانگ گەڕاونەتەوە ماڵی باوکیان و موچەکەم بەشی هیچ ناکات هەر لەبەر ئەوەشە ماڵی باوکی خەرجی و پێداویستیەکانیان دابین دەکەن.

لە کۆتایدا ئافرەتەکە باسی لەوەکرد کە دوای سەفەری پیاوەکە کیشەکانیان دەستییپێکردووە، ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەی سەندووە و تا گەشتووە بە بنەبەست و قوناغی کۆتایی و جیابونەتەوە لە دادگا، خراپی باری دارایی و کۆچی پیاوەکە بۆ هەندەران بەمەبەستی دابینکردنی بژێوی باشتری ژیانیان لەگرنگترین ئەو کێشانەن کە بووە بە هۆکاری جیابونەوەیان.

## Case study (6)

(س.ع.ف) پیاوێکی تەمەن 32 ساڵە، لە ناحیەیەکی نزیك لە پارێزگای سلێمانی لە خێزانێکی فراوان و هەژار لە دایك بووە ، خانەوادەکەی کە پێك هاتووە لە باوك و دایك و دوو براو پێنج خوشك، پەیمانگای کۆمپیوتەری تەواو کردووە، فەرمانبەرە لە یەکێك لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی شاری سلێمانی، لەساڵی 2015 هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی خەڵکی سلێمانی و هاوتەمەنی خۆیدا کردووە، ئەویش پەیمانگای تەواوکردووە بەڵام دانەمەزراوە و ژنی ماڵەوەیە. منداڵیان نییەو ئێستا لە گەرەکێکی ئەو شارەدا کرێچین و مانگانە 200 دۆلار کرێ دەدەن.

پیاوەکە باسی لەوە کرد دوای قەیرانی دارایی و سیستمی پاشەکەوتی مووچە، مووچەکەی کراوە بە کەمتر لەنیوە، لەبەر ئەو هۆکارەش بڕیاریداوە شوێنی نیشتەجێبوون بگوازێتەوە بۆ خانویەکی نزیك ماڵی باوکی لە ناحیەکەی خۆیان، وەك باسی کرد لانی کەم ئەو پارەیەی کە دەیدەم بە کرێ بۆم دەگەڕێتەوە، بەڵام ژنەکە بەو داوایە ڕازی نەبووەو بەبیانوی ئەوەی ناتوانێت دوربێت لە ماڵی باوکی و لە دەرەوەی شاردا بژی، بەڵام پیاوەکە بەهۆی ئەوەی قەیرانی دارایی تینی بۆ هێناوەو توانای پێدانی کرێی خانوی نەماوە سورە لەسەر داواکەی، لەکۆتایدا پیاوەکە باسی لەوەکرد نەبوونی شوێنی

نیشتەجێبوون و پاشەكەوتی مووچەو گرانی كرێی خانوو لە گرنگترین ئەو فاكتەرانەن كە كاریگەری هەبووە لەسەر جیابونەوەی نێوانیان.

## Case study (7)

( س.ق.ع ) پیاوێكی تەمەنی 29 ساڵە، لەدایكبووی شاری كەركوكە، ئێستا لە گەڕەكێكی شاری سلێمانی كرێچییەو باری ئابوریان لاوازە، خاوەن دوو براو خوشكێكە و باوك و دایكی بەتەمەنن و باوكی خانەنشینەو دایكی ژنی ماڵەوەیە، یەكێك لە براكانی لە ساڵی 2012 لە كەركوك شەهید بووە دوای خۆی 3 منداڵی بەجێ هێشتووە، ساڵێك دواتریش مێردی خوشكەكەشی بەهەمان شێوە شەهید بووەو 2 منداڵی دوای خۆی بەجێ هێشتووە، ئێستا وێڕای خێزانەكەی خۆی ئەركی ئەو دوخێزانە و باوك و دایكیشی كەوتۆتە سەر شان. پیاوەكە لە ئۆرگانی حزبێكی سیاسی كاردەكات پێشتر مووچەكەی باش بووە بەڵام ئێستا مووچەكەی تەنها ( 500 ) هەزار دینارە كە وەك خۆی دەیووت پە نجا ڕۆژ جارێك وەریدەگرێت، مانگی 6ی 2016 لەگەڵ كچێكی خەڵكی شاری سلێمانی كە 12 ساڵ لەو گەورەترە هاوسەرگیری كردووە كچەكە تەمەنی 17 ساڵە، تا پۆلی سێی ناوەندی خوێندووە، ژنی ماڵەوەیە، كوڕەكەش تا پۆلی یەكی ناوەندی خوێندووە، منداڵیان نییە.

وەك پیاوەكە باسیكرد بەهۆی قەیرانی دارایی و كەمی و دواكەوتنی مووچەكەیەوە ناتوانێ كرێی خانووەكەی بدات، وێڕای ئەوەی پارەی چەن مانگێك قەرزی كەوتۆتە سەر، هەر لەبەر ئەو هۆكارەشە دەیەوێ هەنوكە بگەڕێتەوە بۆ كەركوك ئەمە وێڕای ئەوەی تاقانەیەو كوڕی گەورەی خێزانەكەیە چاودێری ئەوانی تری كەوتۆتە سەرشان. كێشەی سەرەكیان ئەوەیە كە كچەكە داوا دەكات پیاوەكە لە سلێمانی نیشتەجێ بێت و نەگەڕێتەوە كەركوك بەڵام كوڕەكە ڕازی نابێ و ناتوانێ بەو مووچەیەی كە وەری دەگرێت لە سلێمانی شوێنی نیشتەجێبوون دابین بكات، لەبەر سوربونی داوای كوڕەكە تەنها 9 مانگ ژن و مێرد بونەو لە مانگی ئازاری 2017 جیابونەوەتەوە.

پیاوەكە پێش قەیران كاری تاكسی كردوە بەڵام ئەوا دوو ساڵە وازی هێناوەو سەیارەكەشی بۆ ژن هێنان فرۆشتووە، هیچ دەخلێكی تری نیە جگە لەو مووچەیەی كەوەری دەگرێت لەوەش مانگانە 250 هەزار بە قەرز دەداتەوە بۆ كەلوپەلی ناوماڵ كە پێش هاوسەرگیری كڕیوەتی، لەو پارەیەی كە دەمێنێتەوە بۆ هاتوچۆ بەكاری دێنێ چونكە دەوامی لە دەرەوەی سلێمانیە چە نجارێك هەوڵی داوە بگوازرێتەوە بۆ ناوشار بەڵام ڕێگەیان نەداوە. لەماوەی هاوسەرگیرییاندا بەڵێنی دابوو جیانەبنەوەو لەسلێمانی نیشتەجێبێت وە زۆریش هەوڵی دابوو تا خانویەكی هەرزان بدۆزێتەوە كە بگونجێ لەگەڵ ئەو مووچەی كە وەریدەگرێت بەڵام دواجار خانوو بەو پارەیەی كە دەیەوێ هیچی دەست نەكەوت بوو، پیاوەكە باسی لەوەكرد قەیران تەواو تینی بۆ هێناوە بەشێوازێك كاریگەری كردۆتە سەر پێداویستیە سەرەتاییەكانیان. بەشێوەیەكی گشتی شوێنی نیشتەجێ بوون و كەمی مووچەو گرانی گوزەرانی ژیان لەو هۆكارانەن كە كاریگەریان هەبووە لەسەر جیابونەوەی نێوانیان.

## Case study (8)

( ب.س.ع ) پیاوێكی تەمەن 40 ساڵە، لەشاری سلێمانی لەدایك بووە ئێستاش لەیەكێك لە گەڕەكەكانی ئەو شارە نیشتەجێ یە، خوێندنی سەرەتایی تەواوكردووە و پیشەی كاسبە، ساڵی 2015 هاوسەرگیری كردووە لەگەڵ كچێك كە خاڵۆزاو

پورزان، هیچ منداڵیكیان نییە، كچەكە تا پۆلی دووی ناوەندی خوێندووە. لەگەڵ دەستپێكی پرۆسەی هاوسەرگیریان ڕووبەڕووی كێشە و گرفت بونەتەوە و نەیان توانیوە ڕێككەون لەسەر ماڵی سەربەخۆ و بڕی ئاڵتون و مەڕاسیمی ئەنجامدانی ئاهەنگی هاوسەرگیریان.

پیاوەكە باسی لەوەكرد بەهۆی قەیرانی داراییەوە پیشەكەی وەك جاران نەماوەو كەم ڕۆژ هەیە كاری دەست كەوێت بەمەش توانای ئابوری وەك پێویست نەماوە هەر لەبەر ئەو هۆكارەش لەسەرەتادا هەموو قسەیەكمان لەگەڵ كچەكەدا كردو ڕازی بوو لە قاتی سەرەوەی ماڵی باوكم نیشتەجێبین تا ئەوەندەی بارودۆخەكە باش دەبوو بەڵێنم پێدا ماڵی جیای بۆ بگرم، بەڵام دواتر پەشیمان بویەوەو بیانوی پێدەگرتم و دەیوت ماڵی جیام دەوێ و با خانوی كرێ بگرین و لە خانوی سەربەخۆ نەبێ ناتوانم بمێنمەوە لەگەڵت.

لەدرێژەی قسەكانیدا پیاوەكە وتی لەسەرەتاوە لەسەر هەموو ئەو شتانە ڕێككەوتین لەگەڵ خێزانم كەچی لە پڕێك لەهەموو شتێك پەشیمان بویەوە بەشێوازێك لەسەرەتاوە وتی بێبەرامبەرو بەكراسی بەری خۆمەوە شوت پێدەكەم دواتر بڕێكی زۆر ئاڵتونی پێكردم و خستمیە ژێربارگرانیەكی زۆرەوەو بەشێوازێك كە تا ئێستا قەرز دەدەمەوە لە كاتێكدا لە ئێستایە نیوەی جاران پارەم دەست ناكەوێت، وە بەڵێنی ئەوەشیدا كە شەكراوی پیاوان نەخۆینەوە بەڵام ئەوەشی پێكردم و پارەیەكی زۆری پێسەرفكردم، سەبارەت بە ماڵی جیاش من بەڵێنم پێداو ڕازی بوم تا خانوی جیای بۆ بگرم تەنها لەبەر ئەوەی جیانەبینەوە پاش گەڕانێكی زۆر خانویەكم دۆزیەوە و ماوەیەك لەناوی بوین بەڵام هەرچیم پەیدا دەكرد دەمدا بە كرێی مانگانەی خانووەكە، تا دواجار ناچاربووم جارێكی تر بگەڕێمەوە ماڵی باوكم لەگەڵ ئەوان نیشتەجێبم، بەڵام ئەو ئەم كارەی هیچ بەدڵ نەبوو. بەهۆی ئەم كێشانەوە دواجار داوای تەڵاقی لێكردم و جیابونەوەمان وەك باشترین بژاردە هەڵبژارد و لەئێستایا جیابوینەتەوە و كۆتا یمان بەهەموو شتێك هێناوە، وە باسی لەوەشكرد بەهۆی بێكاری و ناسەقامگیری بارودۆخی سیاسی و ئابوری هەرێم بڕیاریداوە سەفەربكاو كوردستان بەجێبهێڵێت.

## Case study (9)

( س.ب.م ) كوڕێكی تەمەن 30 ساڵە، خەڵكی ناحیەی عەربەتە بەڵام نیشتەجێی شاری سلێمانیە ، ئامادەیی تەواوكردووە، ساڵی 2011 هاوسەرگیری كردووە لەگەڵ كچێك كە پیشەی مامۆستایەو لەیەكێك لەخوێندنگاكانی سنوری شاری سلێمانی دەوام دەكات، لە خانوی ماڵی باوكی لەگەڵ دایكی و خوشكێكی دەژین. تەنها كوڕێكیان هەیە.

پیاوەكە باسی لەوەكرد پێشتر كاسب بوە بەڵام ماوەی دوو ساڵەو بە تایبەت دوای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی بێكارەو كاری دەست ناكەوێت، لەبەرامبەردا خێزانی مووچەخۆرەو سەربەخۆی ئابوری هەیە، ئەمە وایكردووە بەردەوام كێشە لەنێوا نمان دروست بێت وەك كوڕەكە باسی كرد خێزانی بەردەوام تانەی ئەوەم لێ دەدات كە توانایی دابینكردنی خەرجی ماڵەوەم نییە، لەكاتێكدا شەونخونی دەكەم تەنها بۆ ئەوەی بتوانم بەشێك لە پێداویستیەكانی ماڵەوە پڕبكەمەوە، باسی لەوەشكرد ڕاستە ژنەكە مووچەخۆرە بەڵام بە پێی پێویست خەرجی منداڵەكە دابین ناكات.

گرفتی ئابوری و بێكاری و نەبونی شوێنی نیشتەجێ بوون و ماڵی جیا گرفتی پەیوەندی كۆمەڵایەتی لە نیوان كچەكەو ماڵی پیاوەكە دروست كردووە بەتایبەت لەگەڵ دایكی پیاوەكە. لەسەرەتادا بەهۆی بونی منداڵ لە نێوانیان حەزی نەدەكرد جیابنەوە بەڵام ئێستا ئەمیش بڕیاری گۆڕیوە چونكە باسی لەوە دەكرد هەر كارێكیش دەدۆزمەوە ژنەكەم پێی ناخۆشەو پاش

ماوەیەك دەڵێ دەبێ وازی لێ بێنی، پیاوەکە لە کۆتایدا باسی لەوەکرد لەو ڕۆژەوەی هاوسەرگیریمان کردووە هیچ بەرپرسیارێتیەکی خێزانی نەگرتۆتە ئەستۆ بەردەوام ئەڵێ پارەم پێ نییە هەرچەندە مووچەخۆر بوو نەشمدەزانی ئەو پارەیەی کە وەری دەگرێت دەیدات بەچی، هەر لەبەر ئەمەش بوو بە تەنها ئەرکی ماڵ و منداڵەکەم گرت بووە ئەستۆ، بۆیە لەبەر ئەو هۆکارانەی سەرەوە ئێستایدا جیابوینەتەوە.

## Case study (10)

(ت.ج.م) پیاوێکی تەمەن 35 ساڵە، لەسلێمانی لەدایك بووەو لە گەرەکێکی هەژارنشینی ئەو شارە لەگەڵ خێزانەکەیدا نیشتەجێن، ساڵی 2013 هاوسەرگیری کردووە لەگەڵ ئافرەتێکی تەمەن 30 ساڵ، منداڵێکیان هەیە، لەسەرەتایی ساڵانی هاوسەرگیریان لە خانوی کرێدا نیشتەجێبوونە، بەڵام هەر لەگەڵ دەستپێکی قەیران شوێنی نیشتەجێبوونیان گواستۆتەوە بۆ ماڵی باوکی بەشێوازێك خانوەکەیان پێك هاتووە لە چوار ژور 12 کەسی تیا نیشتەجێیە، ئەوانیش بریتین لە چوار خوشکی کوڕەکە و برا و براژن و برازاکانی، هەموو ئەوانەشی لەخانووەکە دەژین باری ئابوریان خراپە، ئەم پێکەوە ژیانە گرفتی گەورەی دروست کردووە لە نێوانیان، پیاوەکە تا پۆلی دووی ناوەندی خوێندووە و دانەمەزراوە و کاری تاکسی دەکا ئەو پارەیەش کە پەیدایدەکا بەشێکی دەداتەوە بە قەرزی سەیارەکەی.

پیاوەکە باسی لەوەکرد کێشەی نێوانیان ئابووریەو ژنەکەی بەردەوام داوای خانوی جیاو پارەو ئاڵتونی لێدەکات، ئەویش ئەو توانایەی نیە پێش قەیران پێشمەرگە بووە بەلام لەگەڵ شەڕی داعش وازی هێناوە و ئێستا هیچ کارێکی دەست ناکەوێت، وەك خۆی دەڵێت زۆر شوێن گەڕاوە بۆ دۆزینەوەی کار، بەڵام هیچ کارێکی دەست نەکەوتووە ، وە باسی لەوەشکرد خێزانی زۆر بەدخەرجی دەکات و دەست بەو پارەیەوە ناگرێت کە بە هیلاکی پەیدای دەکا و هەندێك جار لەو پارەیەی کە بۆ خەرجی ماڵەوە دەیدات بە ژنەکەی ئەویش لەبری مەسروفی ماڵەوە دەیدات بەدایکی لەکاتێکدا پیاوەکە وتی خۆم پێویستم پێیەتی و دۆخی ئابوریم زۆر خراپە.

پیاوەکە باسی لەوەشکرد ژنەکەی هیچ هاوکاری ناکات و خراپی دۆخی ئابوریی بەهەند وەرناگرێت بەردەوام کێشەی بۆ دروست دەکات و داواکاری بێشوماری هەیە، پیاوەکە لە کۆتایدا باسی لەوەکرد کە زۆر هەوڵیداوە لەگەڵ خێزانی بەلام بێ ئە نجام بوو بۆیە جیابونەتەوە چون وەك باسی کرد لانی کەم ئەوەی پەیدای دەکەم بەشی بژێوی ژیانی خۆم دەکا. بێکاری و خراپی ئابوری و کێشەی نیشتەجێ بوون لە کێشە سەرەکیەکانی نێوانیان بووەو هەر ئەو هۆکارانەش وایکردووە کە جیابنەوە.

### دەرئە نجامەکانی توێژینەوەکە:

توێژەران دوای خستنەڕووی ئە نجامەکان بەم دەرئە نجامانەی لای خوارەوە گەشتن:

1. قەیرانی دارایی ڕۆڵێکی گەورە و بەرچاوی بینیوە لەسەر زۆربونی ڕێژەی جیابونەوە بەجۆرێك کە هیچ کات هەرێمی کوردستان بارتەقای ئێستا پرۆسەی هاوسەرگیری کەم نەبووە. وە ڕێژەی جیابونەوەش لەو ئاستە بەرزەدا تۆمار نەکراوە.

2. قەیرانی دارایی ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لەدەست نەکەوتنی شوێنی نیشتەجێبوون و گۆڕینیدا، بەشێوازێك زۆرینەیەك لە لێتوێژراوان دوای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و کەمبونەوەی مووچەی فەرمانبەران و کار و کەسابەتدا گەڕاونەتەوە بۆ

ماڵی باوكیان و هەندێكیشیان سەنتەری شاری سلێمانیان بەجێهێشتووەو گەڕاونەتەوە بۆ شار و شارۆچكەو گوندەكانیان. بەشێكی تریشیان بەدوای شوێنی نیشتەجێبووندا سەرگەردان بەمەش دووچاری گرفتی خێزانی بونەتەوە. نەبونی شوێنی نیشتەجێبوونیش بە فاكتەرێكی سەرەكی جیابونەوەی نێوان هاوسەران دادەنرێت.

3. قەیرانی دارایی ڕۆڵی هەبووە لە بەرزبونەوەی ڕێژەی بێكاریدا و بەشێك لە هاوسەران دوچاری هەمان گرفت بونەتەوە. هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دوای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی بەشێك لە كۆمپانیاكان ئیفلاسیان كردووە و ناچار دایان خستووە بەمەش سەرجەم كارمەندانی بێكاربوونە، ئەمە وێڕای ئەوەی حكومەتی هەرێمیش ماوەی زیاتر لە سێ ساڵە هیچ فەرمانبەرێكی دانەمەزراندووە، وە پەیوەندیەكی ڕاستەوخۆ هەیە لە نێوان مووچەی فەرمانبەران بازاڕدا كاتێك بەشێكی زۆری مووچەی فەرمانبەران پاشەكەوت دەكرێت و ئەمەش كاریگەری هەیە لەسەر بازاڕ و بەتایبەت ئەوانە پیشەیان كاسبە و ئەوانیش بێكار دەبن ئەوەی بەدەستی دەهێنن وەك پێشتر نابێت.

4. هەروەها قەیرانی دارایی وایكردووە هاوسەران بۆ دۆزینەوەی دەرچەیەك لە بۆ ڕزگاربوون لە خراپی دوخی چەقبەستووی سیاسی و ئابوری و كۆمەڵایەتی بیر لە كۆچكردن بۆ هەندەران بكەنەوە.

5. هۆكارەكانی جیابونەوە زۆرن بەڵام ڕەهەندی ئابوری بە پلەی یەكەم ڕۆڵ و كاریگەری هەیە لەسەر سروشتی پەیوەندی هاوسەران، هەربۆیە دەتوانین بڵێین كەمی داهات و خراپی بژێوی خێزانەكان و نەبونی شوێنی نیشتەجێبوون و بێكاری و هەژاری و كۆچكردنی هاوسەران بو هەندەران كێشەی گەورەی لە نێو هاوسەران دروستكردووەو كاریگەری هەبووە لەسەر جیابونەوەی هاوسەراندا چاوگی هەموو ئەو كێشانەش قەیرانی داراییەكەیە.

## پێشنیار و ڕاسپاردە:

### ڕاسپاردە:

1. بەرزكردنەوەی داهاتی هاوڵاتیانی هەرێم لەڕێگەی لابردنی سیستمی پاشەكەوتی مووچەوە.
2. یارمەتیدانی ئەو لاوانەی كە تازە هاوسەرگیریان كردوو لەڕووی مادیی و مەعنەوییەوە.
3. حكومەتی هەرێمی كوردستان كار لەسەر باشكردن و جێگیركردنی بازاڕەكان و دۆخی مووچەخۆران و كاسبكاران بكات.
4. هاوكاری گەنجان و لاوان بكرێت لە پرۆسەی هاوسەرگیری بەمەبەستی جێگیركردنی بارودۆخیان لە دابینكرنی شوێنی نیشتیەجێبوونیاندا.
5. هەوڵدان بۆ كەمكردنەوەی ڕێژەی بێكاری بە تایبەت لە نێوا توێژی گەنجان و لاواندا.
6. گێڕانەوە پێشینەی هاوسەرگیری كە ماوەی زیاتر لە سێ ساڵە حكومەتی هەرێم بەبیانوی هەبونی قەیرانی دارایی ئەو پێشینەیەی وەستاندووە.

### پێشنیار:

توێژەران پێشنیاری ئەنجامدانی چەن توێژینەوەیك دەكەن كە بتوارێت لە داهاتودا ئەنجام بدرێت وەك:

ڕۆڵی قەیرانی دارایی لەوازهێنانی منداڵ لە قوتابخانە.

ڕۆڵی قەیرانی دارایی لەكارپێكردنی منداڵ لەسەر شەقام و شوێنە گشتییەكان

**سەرچاوەكان**


1. سەمیرە، فەرهەنگی زاراوەی كۆمەڵناسی، و.خەسرەو میراودەلی، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەكەم، سلێمانی2007
2. نەجم عەبدوڵا محمد، مرۆڤایەتی و ژن و تەلاق، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر 2008
3. سۆسیۆلۆژیای خێزان، د.سابیر بۆكانی، چاپخانەی داناز، چاپی یەكەم، سلێمانی 2002
4. هێرۆ جەمال عەبدولواحید، كۆمەڵناسی و دیاردە كۆمەڵایەتیەكان، چاپی یەكەم، 2008 سلێمانی
5. بێدار فارس عەزیز و نیگار دلێر ئەحمەد، فاكتەرەكانی زۆربوونی هەڵوەشاندنەوەی هاوسەری، چاپی یەكەم، چاپخانەی خانی، دهۆك 2005
6. كەوسەر عەزیز گەلاڵی، ئافرەت و ملمالانێ لەگەڵ كێشە كۆمەڵایەتیەكاندا، چاپی یەكەم، شوێنی چاپی نییە، سلێمانی 2004
7. محەمەد بن محمود، دەرونزانی كۆمەڵایەتی، و.ئارام ئەمین شوانی، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر 2014
8. كنێر عەبدوڵلا، ژن لەبازنەیەكی داخراودا، چاپخانەی تەوار، چاپی یەكەم، سلێمانی 2005
9. هەردەوێڵ كاكەیی، دابونەریتی كوردەواری ناوچەی گەرمیان، چاپخانەی الحوادپ، بەغداد 1989
10. مەلا مەحمودی بایەزیدی، دابونەریتی كوردەكان، و. شوكریە ڕەسوڵ، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوكردنەوەی كوردی، بەغداد 1982
11. هێنری هارنۆڵد هانس، ژیانی ئافرەتی كوردی، و.عەزیز گەردی، چاپخانەی كۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد 1983
12. حوسێن خەلیقی، كۆمەڵناسی كوردەواری، چاپی دووەم، چاپخانەی الحوادپ، بەغداد 1983
13. كەریم شەریف قەرەچەتانی، سایكۆلۆژیای گشتی، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر 2006
14. عومەر ئاشتی، زەقكردنەوەی جیاوازییە چینایەتییەكان، رۆژنامەی هاولاتی، چاپخانەی رەنج، ژمارە 384، 2008، لا6
15. دەشتی سلێمان قادر و هەوراز حەسەن و ئەوانی تر، هۆكاری دیاردەی تەلاق، گۆڤاری پێشكەوتن، ژمارە 154، سلێمانی 2008، ل75
16. محمد حسێن ئەحمەد، كۆچكردن چ كاریگەریەكی هەیە لەسەر پێكەوەنانی پرۆسەی هاوسەرگیری، رۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە(630)، سلێمانی 2008، ل6
17. سابیر بۆكانی، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چاپی یەكەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی 2016
18. شیلان عەلی، چارەنوسی ئافرەتی تەلاق دراو لە كۆمەڵگەی داخراودا، گۆڤاری ئەستێرە، ژمارە 8، سالی 2011، ل5-6
19. كنێرعەبدوڵلا، قەیرانی دارایی و هۆكار و كاردانەوەكانی، سەرچاوەی ئەلیكترۆنی2017: http://penus.krd/news364-65.htm (2017-4-10)

20. محمد شندى الراوى، و.سايه فارس، هۆكارەكانى هەرەسهێنانى خێزان و تەلاق، سەرچاوەى ئەليكترۆنى 2016: http://www.shanpress.com/details.aspx?jimare=5813 (2017-6-20)

21. القرئن الكريم، سوره الأعراف، الأيه 31

22. احمد زكى بدوى، معجم مصگلحات ألعلوم الأجتماعيه، مكتبه لبنان، بيروت1987

23. احسان محمد الحسن، العائله والقرابه والزوج، دارالگليعه للگباعه والنشر، بيروت 1981

24. انور محمد على، دور التربيه فى التغير الأجتماعى، مجله كليه العلوم الأسلاميه، المجلد السادس، العدد الپانى العشر، العراق - الموصل 2012

25. النچام الاقتصادى فى الاسلام، من منشورات حزب التحرير، الگبعه السادسه، دار الأمه للگباعه والنشر والتوزيع، بيروت-لبنان 2004

26. مليحه عونى القصير و صبيح عبدالمنعم احمد، علم الاجتماع العائله، مگبعه الجامعه بغداد، بغداد 1984

27. عبدالله محمد الشريف، مناهج البحپ العلمى (دليل الگالب فى كتابه الأ بحاپ والرسائل العلميه)، مكتبه للگباعه و النشر و التوزيع، الاسكندريه - مصر 1996

28. عايده احمد الرواجبه، العلاقه الزوجيه دون مصاعب ..كيف؟ گ2، المكتبه الپقافيه، بيروت 2003

29. عايده احمد الرواجبه، الحياه الزوجيه السعيده، گ1، المكتبه الپقافه، بيروت 2003

30. على القائمى، الأسره و قچايا الزواج، گ1، دار النبلاو، بيروت 1994

31. عفاف محمد عبدالمنعم، الأدمان (دراسه النفسيه لاسباب ونتائجه)، دار المعريفه الجامعيه، القاهره 2004

32. فهمى الغزوى واخرون، المدخل الى علم الأجتماع، دارشروق، عمان 1992

33. فريد كورتل، الأزمه الماليه مفهومها واسبابها وانعكاساتها على البلدان العربيه، مجله كليه بغداد للعلوم الاقتصاديه الجامعه، عدد 20، بغداد 2008

34. شومان منزر، الأعلام والأزمات، مدخل نقرى وممارسات عمليه، دار الكتب العلميه للنشر والتوزيع، القاهره 2003

35. مصگفى العبد الله، الأزمات والدورات الاقتصاديه، نقلا عن الموقع الالكترونى: http://www.hewar.com/economics (2017-6-10)

36. محمد الدرينى، التعريف بعلم احصاو، نقلا عن الموقع الالكترونى: www.bsofiam-ksu.com/agec613/listure1.pdf (2017-5-20)

**Abstract**

Family welfare is related with the welfare of husband and wife. The family and the relationship between husband and wife have seen the lion`s share from the changes happened in the circumstances of Kurdish community and because of this، the phenomenon of divorce according to the number of courts is above the natural rates compared to the large number of cases affecting the relationship .

This study is an attempt to present how financial crisis has its own impacts on this divorce. Is this crisis happened because of the lack of the husband and wife`s role in the community or is it because of the normal life and the responsibility the families should take?

In order to reach to this conclusion، the researcher has done this work on the basis of the descriptive methods using the real analysis tool for information and recorded interviews .

The researchers analyzed the court's facts compared to the cases of years before the crisis and after the crisis and then they used interviews to therting cases of divorce as the reason for their divorce was the financial crisis.

Finally، we came to the result of that the high demand for divorce، the change in the way of life of the individuals and the economic crisis have a direct impact on the number of sides of life such as place of residence، unemployment and low salary، all of which have destroyed the relationship of the past years of the families.

For this reason، the researchers proposed a reasonable proposal to solve these problems by issuing special instructions for the quality of relations and the distribution of responsibility among husbands and wives، except for proposing the government's cooperation in tackling the problem of salary and reducing unemployment among( youths) young people.

## پاشكۆكان

### پاشكۆی ژمارە (1)

**ئامارەكانی 6 ساڵی پرۆسەی هاوسەرگیری و تەڵاق لە پارێزگای سلێمانی دەخاتەڕوو.***

| ساڵ | هاوسەرگیری | جیابونەوە |
|---|---|---|
| 2010 | 13724 | 2430 |
| 2011 | 15414 | 4295 |
| 2012 | 17020 | 4088 |
| 2013 | 14911 | 4322 |
| 2014 | 14666 | 4012 |
| 2015 | 14232 | 4850 |
| 2016 | 10937 | 4674 |

### پاشكۆی ژمارە (2)

**ڕاستی ڕواڵەتی فۆرمی ڕاپرسیەكە لای پسپۆڕانی بوارەكە ڕووندەكاتەوە:**

| ژ | ناو | بواری پسپۆری | ژ.برگـــــەی پەسەندكراو | ژ.برگـــــەی پەسەندنەكراو | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پ .ی .د. سـابیر بـەكر مستەفا | دەرونزانی | 15 | 2 | 88.2 |
| 2 | د. حەسـەن فخرالـدین خالد | دەرونزانی | 16 | 1 | 94.1 |
| 3 | د. كـــاوە عبـــدالرەزا محمد | ڕاگەیاندن | 15 | 2 | 88.2 |
| 4 | د. لوقمان صالح كەریم | كاری كۆمەڵایەتی | 14 | 3 | 82.3 |
| 5 | پ.ی.د خالد حەیدەر | كارگێڕی و ئابوری | 13 | 4 | 76.4 |
| كۆ | | | 73 | **12** | **85.84** |

- **خشتەی سەرەوە هەڵسەنگاندنی شارەزایان بۆ پرسیارنامەكە (ڕووندەكاتەوە)**

* سەرجەم ئامارەكان لە بەشی ئاماری دادگای سلێمانی وەریگراون ئەمیش دوای ئەوەی بە نوسراوی ڕەسمی داوای ئامارەكانی هاوسەرگیری و تەڵاق كرابوو

- کۆی گشتی پرسیارەکانی توێژینەوە (17) ، ژمارەی شارەزایان (5) : (**پێش هەڵسەنگاندن** ).
- کەواتە ( 17 ) × ( 5 ) = 85 کۆی گشتی پرسیار
- ژمارەی بڕگەی گونجاوی= 73
- ژمارەی بڕگەی دووبارە داڕێژراو = 12
- کەواتە ڕێژەی ڕاستگۆی $\frac{73}{85}$ (%85.84)

**پاشکۆی ژمارە (3)**

---

**فۆڕمی چاوپێکەوتن**

بەڕێز .....

پرسیارەکانی ئەم فۆڕمی چاوپێکەوتنە بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستییە بەناونیشانی (ڕۆڵی قەیرانی دارایی لە جیابونەوەی هاوسەراندا) لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆلۆجی مەیدانیە لە شاری سلێمانی، وەڵامەکانی تەنیا بۆ مەبەستی زانستیەو دەرخستنی ڕۆڵی قەیرانی داراییە لەسەر پەیوەندی هاوسەرگیری. هاوکاری و دروستی زانیاریەکان خزمەت بە ڕەوتی زانست و پێشخستنی دەکات.

**یەکەم: زانیاریە گشتیەکانی توێژینەوە:**

1. ڕەگەز: نێر ( ) مێ ( )
2. تەمەن: ( )ساڵ
3. جۆری نیشتەجێ بوون: موڵك خانوی خۆی ( ) کرێچی ( ) ماڵە باوان ( ) هتر ( )
4. ساڵی هاوسەرگیری: ( )
5. ژمارەی ئەندامانی خێزان: ( )
6. داهاتی پێش قەیران: زۆرباش ( ) باش ( ) مام ناوەند ( ) خراپ ( )
7. داهاتی دوایی قەیران: زۆرباش ( ) باش ( ) مام ناوەند ( ) خراپ ( )
8. پیشە (ژن – پیاو): بێکار ( ) کاسب ( ) فەرمانبەر ( )
9. ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار ( ) سەرەتایی ( ) ناوەندی ( ) ئامادەیی ( ) زانکۆ ( )

**دووەم: زانیاریە تاییەتیەکانی توێژینەوە**

10. قەیرانی دارایی کاریگەری هەبووە سەر پێداویستی سەرەتاییەکانتان؟

بەڵێ ( ) نەخێر ( ) ؟

..........................................................................................................................................

11. قەیرانی دارایی كاریگەری هەبووە لەسەر گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوونتان؟

بەڵێ (  ) نەخێر (  ) ؟

..........................................................................................................................

12. قەیرانی دارایی كاریگەری هەبووە لەسەر كەمبونەوەی داهاتی مانگانەتان؟

بەڵێ (  ) نەخێر (  ) ؟

..........................................................................................................................

13. قەیرانی دارایی بۆتە هۆی ئەوەی قەرزاربیت؟

بەڵێ (  ) نەخێر (  ) ؟

..........................................................................................................................

14. قەیرانی دارایی بۆتە هۆی ئەوەی بێكاربیت؟

بەڵێ (  ) نەخێر (  ) ؟

..........................................................................................................................

15. قەیرانی دارایی كاریگەری كردۆتە سەر خەرجیەكانتان؟

بەڵێ (  ) نەخێر (  ) ؟

..........................................................................................................................

16. قەیرانی دارایی كاریگەری كردۆتە سەر كوالیتی ژیانتان؟

بەڵێ (  ) نەخێر (  ) ؟

..........................................................................................................................

17. دوایی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی بیرت لە كۆچكردن كردۆتەوە ؟

بەڵێ (  ) نەخێر (  ) ؟